# فەلسەفەی ئارتوور شۆپنهاوەر

له فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد
(تاران)

(٢ - ٢)

## لەمیتافیزیکەوە بۆ زانستی مۆڕاڵ

بۆ فەیلەسووفێک بەو بیروڕایەی کە شۆپنهاوەر هەیەتی، هەرجۆر خوازیاری بەم شتە کە جیهان لەئەنجامدا چۆن شتێکە (میتافیزیک)، بەبێ ئەوەی کە ئا لەم شتەوە بە بیرۆکەیەک بگەین کە ئێمە چۆناوچۆن دەبێ هەوڵ بدەین تا لەم جۆرە جیهانە بژین (زانستی مۆڕاڵ) بەئاشکرا زۆر گەوجانەیە. بەشوێن (زانستی تەواو) ڕۆیشتندا، هەرواکە دەبینین، هەڵبەت لە سیستمە هزرییەکەی ئەودا شوێنێکی دیاریکراوەی هەیە، بەڵام بەهەر ڕووی گەیشتن بەوەیش هەر مۆڕاڵییە. بەشێکی زۆر و زەوەند لەبەرهەمگەلی ئەو بەڕاستی بەم پرسیارە خۆی بەستووەتەوە کە (بەپێی ئەوە کە جیهان شوێنێکی تۆقێنەرە، ئەی مرۆڤ چۆن دەبێ بژیت؟)، هەرچەندە جیهان لەدیدی فەیلەسووفێک تۆقێنەر بێتە بەرچاو، دۆزینەوەی وەڵامێکی ڕازیکەر بۆ ئەم پرسە، گرینگتر و پێویستتر دەبێت و ئەم خاڵە کاتێک ڕاست دەنوێنێت کە تۆقێنەری ژیان لە سرشتە خەماوەرەکەی دڵی مرۆڤ سەرچاوەی گرتبێت. لەبەر ئەوە کە هەموومان یەکەم خاویشتمان هەر خودی ژیانە، کە بەبێ هیچ گومانێک ئاوەڵناوی خراپەی بە خۆوە گرتووە، هەر زوو بەم دەسکەوتە دەگەین کە سرشتە بنەڕەتییەکەی خۆمان خراپەیە.

زۆر سەیرە کە شۆپنهاوەر بە دووی ئەمەدا نییە هەتا بڵێت بۆ حاڵ و ڕۆژمان دەبێ ئاخ هەڵخوازین کە لەدایکبووین - بیروڕایەک کە سۆفۆکلیس(٣٧) و بەگشتی هونەرمەندان، نەک فەیلەسووفان وتوویانە (بابەتگەلێکی بەرفراوان لەدەقەکانی شکسپیریشدا(٣٨) هەیە کە ئاوڕ لەم باوەڕەی ئەو

دەداتەوە). شۆپنهاوەر گرەوشتی بەم شتەیە کە ژیانی ئێمە لەسووچی مەسیحییەتەوە، تلانەوە لە یەکەمین گوناحدا ببینێت، بەڵام لە ڕوانگەی خودی مەسیحییەکانەوە، ئەم دکتۆرینە سەیرە، بەم مانایە دێتەگۆڕێ کە کاتێک مرۆڤ لەدایک دەبێت، بەئاشکرا بوونەوەرێکی خراپە، کەچی لەدیدی شۆپنهاوەرەوە یەکەم گوناح لەناخی خودی لەدایکبووندایە. مەبەستی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە، بارێکی ئاکاریی قورسمان لەسەر شانە: قۆڵ هەڵکردن بۆ هەر کارێک کە دەتوانین بۆ قەرەبووی ئەم ڕاستییە کە ئێمە بوونمان پەیداکردووە، بکەین، ئەمە یەکێک لەو خاڵە زۆر و بۆرانەیە کە لە بەرهەمگەلی شۆپنهاوەر کە بۆ ئێمە دیاری دەکات کە ئەو هەرە کەمتر لەوەی خۆی بانگەشەی دەکرد، هزرمەندێکی نوێخواز و سەروژێرکەر بووە.

شۆپنهاوەر لە خستنەڕووی فەلسەفەیەک کە بەشێکی گەورەی بریتی لە ڕوانگە بەتەواوی پێچەوانەکەی لەگەڵ فەلسەفەی (فەرمی) و ئایینە، دەکەوێتە ئەم داوە کە خۆی زۆر بەم شتانە هیلاک دەکات کە دەیەوێت ڕەتیان کاتەوە: خاڵێک کە یەکەم جار نیتشە بەهێزێکی وێرانکەرەوە دەریبڕی. جێی تێگەیشتنە هزرمەندێک کە دیدگا هێرش پێکراوەکەی کە ئابڕووی بردووە، وا بۆی بچێت ناچارە بە توندییەکی زۆرەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕوانگەیە قۆڵ هەڵماڵێت، بەڵام لەواقیعدا ئەوەی کە چارەسەری ئەم شتەیە، ڕەتکردنەوەی ئەم ڕوانگە نییە، بەڵکو بەپێی قسەی نیتشە (یان باشتر بڵێین نزیکترین هاوماناکەی لەزمانی ئێمە)، (گۆڕانی بنچینەی بایەخەکانە) کە ڕوانگە ناکۆکەکان لادەخات، یان فەرامۆشی دەکات. لەمەڕ شۆپنهاوەرەوە مەسەلە لەمەیش ئاڵۆزترە کە لەسووچگەلی جۆراوجۆرەوە ڕوانگەی ئەو لەمەڕ جیهان بە ڕوانگەی مەسیحییەتەوە نزیکترە و بایەخە ئاکارییەکانیشی هەروان. لەواقیعدا بنیادەم وەسوەسە دەبێت تا بڵێت «لەفەلسەفەی شۆپنهاوەر» تەنیا جێگەی خودایە کە بەتاڵە.

چڕوپڕترین و ڕوونترین دەربڕینی هەڵوێستە مۆڕاڵییەکەی شۆپنهاوەر نەک لە بەرهەمە سەرەکییەکەی، بەڵکو لەنامیلکەی(لەبارەی بنەمای مۆڕاڵ) هاتووە. نیوەی یەکەمی ئەم نامیلکەیە بەهێرشێکی توندوتیژ بە هەڵوێستە مۆڕاڵییەکانی (کانت)ەوە تایبەت کراوە.



شۆپنهاوەر

هێرشێک کە بەتەواوەتی سەرکەوتووە. کانت لەنێوان مۆڕاڵخوازان، کەڵە ئاوەزمەندە. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە ئێمە دەتوانین بەم چەشنە پەی بە ئەرکەکەمان بەرین تا بزانین ئاخۆ پێمان خۆشە ئەو کارە کە دەمانەوێت بیکەین، ببێتە یاسایەکی هەمەکی و گشتی، یان نا. ئارەزووەکان، (ئەم قانقاریای ئەقڵی کردەوەیی)، بەوجۆرە کە ئەو وەسفی دەکردن، چ ڕۆڵێکی پۆزەتیڤیان لەسیستمە مۆڕاڵییەکەی ئەو نییە و بەپێچەوانەیشەوە، هەر کردەوەیەک کە لە قەست، یان لەخووخدەیەکی سروشتی هەڵقوڵابێت، بۆ وێنە دڵسۆزی، مەحەبەت، یان دلۆڤانی، هەرگیز بایەخی ئاکاری نییە. ئەو کارانە کە بەهۆی ئەرکناسییەوە (ئەرکناسی بە نیسبەت یاسای گشتی مۆڕاڵی) کچێ دەبن، تەنیا ئەمانە خاوەن بایەخن.

بیروبۆچوونە وشک و بێ گەشەکەی کانت بەتەواوەتی بەرانبەر بە وەسفێکی نامۆ لە دەروونناسی مۆڕاڵییە. ئەگەر بڕیارە ئێمە بتوانین بەشێوەی مۆڕاڵی بڕۆینە پێش، دەبێ سەربەست بژین، بەڵام خودە ئەزموونییەکانی ئێمە، ئەو خودانە کە لەژیانە هەرڕۆژییەکانی خۆمان شوناسی دەکەین، لەبابەتگەلی زۆرەوە، بۆ وێنە خوایشتەکان، حەزکردنەکان، وەرەزییەکان، هیواکان و هۆگرییەکان پێکهاتوون و گشتیان فەرمانبەری ئەو دەستوورانەن کە بەسەر هەر شتێکی دیکەدا لەدەڤەری ئەزموونی ئێمە

لەجیهانی دیاردەییدا زاڵ و بەدەسەڵاتن، کەواتە خودێک کە بەشێوەی ئاکارییەوە ڕەفتار دەکات، دەبێ شتێکی بەتەواوەتی جیاواز بێت، بەربەست لەکۆسپ و بەندەکانی شوێن، کات، هۆکار. ئەم خودە (مەعنەوییە)، بەگوێرەی وتەی کانت، بەشێوەیەک کە دیاری نەکراوە، لەم جیهانە ئەزموونییە دەتوانێت ڕەفتارگەلێکی کارتێکەرانە بگرێتەئەستۆ: زاتێکی بێ زەمەن، بەبێ هیچ پێوەندییەکی هۆیی لەگەڵ جیهانی ئەزموونی، دەست دەداتە کاروکردەوەیەکی باش، چەشنی بەڵێنی خۆبردنەسەر کە (خودی دیاردەیی) حەز بە لەناوبردنی دەکا، چونکە خودی دیاردەیی بەشوێن بەئاکام گەیشتنی ئارەزوو و حەزەکانیەتی، لەم بوارەدا بەفیداکارییەوە ڕەفتار دەکات.

ئەم ئاوێتەیە کە لە قسە پووچە میتافیزیکییەکانەوە پێکهاتووە، تەنیا دەکرێت بەدەربڕینی مێژووی هەمەلایەنەی فەلسەفەی مۆڕاڵی شرۆڤە و ڕوون بکرێتەوە. شۆپنهاوەر بەچەشنێکی کارتێکەرانە هەموو لاوازییە گرینگەکانی ئەو دەخاتەڕوو، بانتر لە هەر شتێک لەسەر ئەم خاڵە پێداگری دەکا کە ئەقڵ نەک دەتوانێت بە ئێمە بڵێت کە ئەرکەکەمان چییە، گریمان ئەگەریش دەیتوانی، نەک دەتوانێ ئێمە بورووژێنێ کە ئەم ئەرکگەلە بگرینەئەستۆ. برشتداری شۆپنهاوەر و هێزەکەی لەخستنەڕووی بەڵگە دڵنیاکەرەکان، لێرەشدا هەر وەک جاران، تێکەڵ بە هەوێنێک لەقسە بێ سەروبەر و جەفەنگە بێ ڕەحمەکانە کە ئەم بەرهەمەی بە یەکێک لەبەرهەمە وێرانکەر و پووچکەرەکانی کلاسیک لەمێژووی فەلسەفە دەرهێناوە. ئەم کارە لە شەست لاپەڕەی لێوانلێو لەتوندوتیژیدا هاتووەتە ئاراوە. هەشتا لاپەڕەی دیکەی ئەم بەرهەمە بە ڕوانگە پۆزەتیڤییەکانی شۆپنهاوەر لەم بوارە تایبەت کراوە.

شۆپنهاوەر سێ پاڵنەری بنچینەیی بۆ هەوڵ و تەقەللای مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێ: خۆپەرەستی، بەوخوازی و هاودەردی. ئەو پشتی بەم بانگەشەیە ئەستوورە کە ئەزموون ئەمەی سەلماندووە کە ئەم سێ پاڵنەرە، لەبەشە بنچینەییەکانی سرشتی مرۆڤن. لەمەڕ خۆپەرەستییەوە هۆگرایەتی بەئاسایشی خۆمان پێویست بە بەڵگەهێنانەوە نییە.بەوخوازی، بە واتای ئەوە کە بەدووی ئازاردانی کەسێکدا بچین، بەبێ ئەوەی خۆشەویستی و ڕقێک لەئارادا بێت و بێ ئەوەی کە جەزا و پاداشتێکی هەبێت، لە فەلسەفەی شۆپنهاوەردا گرینگایەتییەکی نەشیاوی پەیداکردووە، تا ڕادەیەکیش بۆ سازکردنی بەلایەک لەگەڵ هاودەردی، تا ڕادەیەکیش ڕەنگە بەم هۆکارە کە بەوخوازی لە ئاستی خۆیدا هێمانەیەکی بەهێز و دەسەلات، لەسرشتی خودی شۆپنهاوەردا بوو.

ئەگەر برپارە مرۆڤ بە قەد خودی شۆپنهاوەر فەرمانبەری ئەزموونە ناڕوونەکان بێت کە لەتێگەیشتنە شەخسییەکانی سەرچاوە دەگرێت، باشتر وایە تێگەیشتنەکانی خۆی لەم بابەتە تایبەتە تۆماربکات: بەوخوازی، بەو جۆرە کە شۆپنهاوەر دەڵێت، بەواتای خوازیاری بە ئەشکەنجەدانی کەسێک، یان بەتەواوەتی کەسێک ئازاردانە، بێ ئەوەی کە هۆکارێک بەر لەحەزکردن بە دیتنی ئەو کەسە لە ڕەنج و داماوی لەئارادا بێت، ئەگەرچی ئەم خەسڵەتە بێ گومان بوونی هەیە، وا نایەتە بەرچاو کە هێندە پەرەی سەندبێت تا بکرێت بە یەکێک لە سروشتە سەرەکییەکانی مرۆڤ بژمێردرێت. لەلایەکی ترەوە، خەسڵەتی هاودەردی بەئاشکرا لە سروشتە سەرەکییەکانی مرۆڤدایە، هەرچەند بەزۆری لەژێر کارتێکەری خۆپەرەستی دێتەگۆڕێ. بەهەر ڕووی، هاودەردی لە ڕوانگەی شۆپنهاوەرەوە، پێوەری بایەخی ئاکاریی کاروکردەوەیە. شۆپنهاوەر ئەم بیروبۆچوونە باوە کە هاودەردی هیچ بوونێکی نییە و گشت ڕەفتارە هاودەردەکان بەئاشکرایی خۆپەرەستی لە جلێکی درۆیینەن، ڕەت دەکاتەوە. ئەو دەچێتە ژێرباری ئەم شتە کە بەزۆری پەی بردن بە پاڵنەرەکان، لەڕووی ڕەفتارە دژوارەکانە، کەواتە بۆی دەچێت هەندێک ڕەفتاری هاودەردانە بەڕاستی لەڕووی خۆبەزلزانییەوە بێنەگۆڕێ، بەڵام لەپارچە دەقێک کە زۆریش لەبیروبۆچوونەکانی ئەو نزیک نییە، دەنووسێت:

دڵنیام تاک و تەران ئەوانەی لەم بابەتە دڕدۆنگن و لە ئەزموونەکانی خۆیان بۆیان مسۆگەر نەبێت کە مرۆڤ بەزۆری دادپەروەرانە ڕەفتار دەکات. تەنیا بەم هۆکارە کە نادادپەروەری و هەڵە بەرەو ڕووی کەسێک نەبێتەوە. لەسەر ئەم شتە، بەڕای من، هەمووان قبوولی دەکەن کە خەڵکانێکی زۆر هاریکاری دیترانن و لێیان خۆش دەبن، و خزمەت دەکەن و لەقازانجی خۆیان چاوپۆشی دەکەن،

بێ ئەوەی چ قـەسـتێک بەر لەیارمـەتی بە کـەسێک کـە پەشۆکـاوە لە دڵیـان بێت. من پێشـتـر نیگای ئێـوەم بە خاڵگەلێک لە عـەدل و دادپەروەری ڕاکێشاوە کە ناشێ چاوپۆشـیـان لێ بکرێت، مـەگین بە خـۆ لێ لادان و دووریکردنێکی کـەللەڕەقـانە لە بەرانبـەربوونەوە لەگـەڵ واقیعەکاندا. (٣٩)

کـەواتە شـۆپنهـاوەر بەپێـچـەوانەی(کـانت)، ژیانی مۆراڵیی بە ڕاستییەکانی ئەزموون دەبەستێتەوە. ئەوەی کـە پاڵپـشـتی و پێـداگری دەبێ لەسـەر هاودەردی چێ ببـێت، دەسکەوتە سـروشـتـیـیـەکـەی بیـروبۆچوونە گـشـتـیـیـەکـەی ئەو لەمـەڕ خـودی ژیانە. ئێـمـە کـە لە دەوروبەرمـان بوونەوەرانێک دارماڵ لەقوربەسەری و دەرد و دوژمنی دەبینین، تەنیـا دەتوانین هیـواداربین کـە تۆزقـاڵێک لەناخۆشی و خـەفـەتباریی ئەم ژیانە کـەم بکەینەوە. بەپێی شـرۆڤـەی شـۆپنهـاوەر لە سـروشـتی لەززەت، بێ هۆیە ئەگەر بەشتێک زێتر لەمە هیواداربین، بەڵام تەنیا لەکـاتێکدا شـتێکی نوێ و تاقانە لەوەسفی شۆپنهاوەر لەبنەمای مۆراڵ بوونی دەبێت کە ئێمە وەسفی ئەومـان لە لەززەت(کـە من ڕەتم کـردووە) جـێی باوەڕ بزانین. بۆ وێنە(هیـوم)، سـەدەیەک لەمـەوبەر، پێـوەری بایەخی مۆراڵی لە هاودڵی شوناس کردبوو، مەبەستی لە هاودڵی، حەزە سروشتییەکەی ئێمە بە بەرزکردنەوەی بەختـەوەری دیتران و کـەمکردنەوەی قوربەسەریەکـانیـان بوو. لەبەر ئەوە کە جیهان لە ڕوانگەی هیوم جێگەیەکی کـەم تا زۆر خۆشە، بەرزکـردنەوەی بەختـەوەری «لە هزرە مۆراڵییەکەی» سـەیر و نائاسایی نییە. بەگشتی، هەموو فـەیلەسووفە مۆراڵییـەکان کە مۆراڵیان بە دیاردەیەکی سروشتی لەقـەڵەم داوە، ڕاژەگەلێک لەپێکهاتەی ئەویان بەدەسـتـەوە داوە کە لە هیچ بابەت و لایـەنێکی شـیـاو، لەگەڵ ڕاژەی شۆپنهاوەر، لانی کەم لە ڕووی واڵەتییەوە، جیاوازییان تێدا نییە.

لایـەنێکی سـەرەکی کـە لە ڕوانگەی شـۆپنهـاوەرەوە سـەبارەت بەژیانی مـۆراڵ تایبـەت بەخـۆیەتی و لەوەدا تاقـانەیە، لایـەنێکە کــە بەتەواوەتی پێـوەندیدار بەمـیـتـافـیـزیکە نائاسـاییـەکـەیەتی. لەسـەردەمی ئەفلاتوونەوە پرسی سـەرەکی لەفـەلسـەفـەی مۆراڵ ئەمـە بووە کـە(لەبەرچی دەبێ مـۆراڵی بم؟) ئەمـە پرسـێکی نامۆیە و بەرسڤگەلێکی نەگونجاوی زۆریشی پێ دراوە. ئێستاکە ئەم خاڵە لانی کەم شیاوی باسە کە ئەگەر ئێمە بێن و میتافیزیکی شۆپنهاوەر قبووڵ بکەین کە هەڵبەت خۆیشی کەڵە مەرجیشە، دەگەینە وەڵامێک کە لەبەرانبەر وەڵامی دیتـران کـە پرسـیـارەکـەیان بە یەکـجـاری ڕەت نەکردووەتەوە و بەئاشکرایی ئەویان شیاوی وەڵامدانەوە نەزانیوە، ڕازیکەر و بێ گومان کەمتر خاوەن شیاوییە، لێ ئەوەی کـە لە پشت ئەم پرسە وەشێراوە ئەمەیە:"بۆ دەبێت بەشێوەیەک ڕەفتار بکەم کە نامەوێت و بەزیانی خۆمـە، کـەچی دەکرێت بەشێـوەیەک ڕەفتـار بکەم کـە دەمەوێت، بەڵام ئەگەر کەسێک لێی بەئاگابێت، لەڕووی مـۆراڵەوە تاوانبـاری دەکـات (هەڵبـەت بەهەزار هۆکـار دەتوانین دڵنیـابین کە چ کەسێک ئاگاداریش نابێتەوە)؟" بۆ وەڵامـدانەوە بەم پرسـە، فـەیلەسـووفـان بە وەڵامـە جـۆراوجـۆرە گـاڵتـەجـاڕەکـان وەڵامـیـان داوەتەوە، وەک"پارێزکـاری، خـۆی پاداشی خـۆیەتی"، یان بە هەڵبـەسـتنی درۆیینەی جیـهـانێکی دیکە کێشراون کە لەوەدا ڕەفتارە هەڵەکانی ئەم جیهانە، جەزاکەی دەدرێت. بۆ شـۆپنهـاوەر بەرسڤ بەم پرسـە لەلایەکـەوە سانایە:جیاوازی نێوان خەڵکان، جیاوازییەکی پروپووچ و خـەیالاوییە خـەیاڵێک کە هەڵقوڵاوی شێوەی بینینی خۆمان بەپێی گوتەزاگەلێک کە فامەکەمان بەسەر هەموو تێگەیشتنەکـانمان دەسـەپێنێت. هەرکـاتێک لەم خـاڵە ئاگاداربین و بزانین کە ئێمـە هەموو شتێک نین، مەگین بەشگەلی ئەو(خـوایشت)ـە تاکـە، تێـدەگـەین کـە ڕەنجەکانمان، ڕەنجی گشت زیندووەکانە و بەپێچەوانەوە ڕەنجەکانی دراوسێکەمـان، ڕەنجی ئێـمـەشە. شۆپنهاوەر هەمیشە لەدووپاتکردنەوەی ئەم دێڕە سانسکریتە هیلاک نەدەبوو: (تات توڤام ئاسی)(Tat tvam asi/ من هەر تۆم)، کـەواتە هەر کەسێک کە لەگەڵ دیتـران هاوخـەمە تەنیـا بە حەقـیـقـەتی جیـهـان و ڕەفـتـارەکەی لەسـەر ئەو حەقیقەتە، شایەتی دەدات. بەم چەشنە شۆپنهاوەر پوخت و جوانترین بەرسڤ بە پرسیاری (لەبەرچی دەبێ مۆراڵی بم؟) دەدات: جـیـاکـاری نێـوان لووتبـەرزی، یان (خـۆپـەرسـتی) و مـرۆڤـدۆسـتی، یان (هاودەردی) جیاکارییەکی هەڵەیە.

بەڵام ئەگـەر وابێت، شۆپنهـاوەر بەهیچ جۆرێک مـافی نییە ئەو وەسفە سەرەتاییەکەی بە پاڵنەرە بنیادییەکانی مـرۆڤ بداتەوە؛ لێ بەم چەشنە دەکـرێت بەوخـوازی بە

خۆئازاری، هاودەردی بە خۆپەرەستی و خۆپەرەستی بە هاودەردی لەقەڵەم بدەین. کتێبی (لەبارەی بنەمای مۆڕاڵ) کە شۆپنهاوەر ئەم کتێبەی لەکێبەرکێیەکی زانستگایی بۆ وەرگرتنی خەڵات بەشداری کردبوو، ڕوونتر لە بەرهەمەکانی دیکەی سەردەمی جێکەوتوویی ئەو، بەشێوەیەک نووسراوە کە بەبێ ناسین، یان بەچەشنێکی گشتی، قبوولکردنی سیستەمە فەلسەفییەکەی ئەو، تێگەیشتنانە و بایەخدارانە بێت (هەرچەند داوەرەکان بایەخێکیان بۆ ئەم بەرهەمە دانەنا و بەم کارە شۆپنهاوەریان زویر کرد و تا ماوەیەکی زۆریش لەم خەمە ڕزگاری نەبوو). ئەگەر ئەم نووسینە لەپایە و پلەی تێزێکی سەربەخۆدا سەرکەوتووە، بەجێگەی ئەوە، لەپیلانە گشتگیرەکەی شۆپنهاوەردا کە ئەم تێزە بە چەشنێکی بەرچاو لەگەڵی دژبەرە، وەک ڕووخانێکی بێ وێنە و هەمەلایەنە دێتەژمار و جودا لەمیتافیزیکی شۆپنهاوەر، ئیدی وەڵامێک بۆ پرسیاری (لەبەرچی مۆڕاڵی بم؟) خڕناکاتەوە. تاقانە ڕەفتاری هاودەردانە، ڕەفتاری باشە، بەڵام ئەگەر کەسێک پێی خۆش نەبێت وابکات، بەر لە گوشارەکانی کۆمەڵگە، پاڵنەرێکی وەهای بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارەی نییە.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر کەسێک جەخت بکا دکتۆرینەکانی (سەبارەت بەبنەمای مۆڕاڵ) لەنێو چەقی دکتۆرینەکانی(جیهان وەک خوایشت و وێناکردن)جێی بکاتەوە، تەنگژەگەلێکی دیکەی لێ دەبێتەوە. بەر لەم ڕاستییە کە چەمکگەلی خۆپەرەستی و هاودەردی لەکاتێکدا کە قبوولی بکەین، تەنیا بوونێکی«حەقیقی»یە ("خوایشت")، ماناکەیان لەدەست دەدەن، ئەم خاڵەیش دێتەگۆڕێ کە لە ئێمەدا گرەوشتێکی سەرسەختانە بوونی هەیە کە خۆمان لە دیتران سەربەخۆ و بەجیا بزانین، ئەگەرچی «لەبیرۆکەی شۆپنهاوەردا» ئەمە خەیاڵێک زێتر نییە، بەڵام خەیاڵێکە کە بە ڕواڵەت، ئەگەر بڕیاربێت بەلای هەڤیازی هاودەردییەوە ڕووبێنین، ناکرێ بەبێ ئەوە خۆمان بخەینەبەر ڕەنج و زەحمەت. بەگریمانەکانی شۆپنهاوەر، کۆڵەکەی مۆڕاڵ لەسەر شتێکی دژ و دژوازدا ڕادەوەستێ و ئەگەر دەسەوداوێنی هەمیشەیی شۆپنهاوەر بە ڕووداوە هەرڕۆژییەکان کە لەوەدا ڕەفتاری خەڵکی بە باش و خراپ دابەش دەکرێت، لەپێوەر بدەین، وا دێتە بەرچاو کە ئەو ئێمە هەڵدەخرێنێت لەخەیاڵاتی خۆماندا «کە خەڵکێکی سەربەخۆین» بمێنینەوە. لەواقیعدا، لەبیروباوەڕەکانی ئەودا دوو دەستە بایەخی مۆڕاڵی هەیە:دەستەی هەوەڵ ئەوانەیە کە لەگەڵ میتافیزیک سازیارن، بەڵام وەڵامێکیان بۆ ڕاستییە ئاساییەکان کە ئێمە هەمیشە لەگەڵیاندا دەژین، خڕناکەنەوە و دەستەی دووەم ئەوانەن کە بەتەوارەتی پێچەوانەن.

گرەوشتی سەرسەختانە بەم شتە کە خۆمان وەک خەڵکانێکی سەربەخۆ لەقەڵەم بدەین، بە ڕواڵەت بۆ ئەوەی کە شێوەی هەڵێنجانی تایبەت بە خۆمان بەجیهان بێت، گرینگ و پێویستە. بەڕای بەڵگەهێنانەوەی شۆپنهاوەر، من لەخۆم وەک خوایشت ئاگادارم، بەڵام دیتران لەقۆناغی یەکەمدا چەشنی خودە دەرەکییە تێگەیشتنەکان و تەنیا لەقۆناغی دووەمدا وەک خوایشتەکان دەبینم، بۆ وێنە، ئەو کاتە کە لەوان وەها تێدەگەم کە بەڕاستی یان بەمەجاز، دێنەسەر ڕێگەکەم و لەگەڵ خوایشتی من دژبەرایەتییان هەیە. بەم دەسکەوتە دەگەین کە ڕوانگەی من بەوان، هەرچەندە باشیش بیانناسم، ڕوانگەیەکە کە چونکە ناسینی من لەسرشتی حەقیقی ئەوان لەسەر ئەنجامگیرییەکی پێومانییە، دەبێ بەردەوام بە دیتنی خۆم کە لەسەر ناسینی ڕاستەوخۆی خوایشتەکەی خۆمە، جیاواز بێت. دیدی من بە کەسێکی دیکە دەتوانێت بەوجۆرە کە (لۆدڤیگ ڤیتگنشتاین)(٤٠) ئاراستەی دەکات، (ڕوانگەیەک بە مرۆڤ «ڕوح» بێت، «هەرچەند» من لەسەر ئەم باوەڕە نیم کە ئەو ڕوحی هەیە)، واتە من حاڵەت و هەستێکم هەیە کە لە ڕەفتاری ئێوە بەم ئامانجە ناگەم کە ئێوە لە من دەچن؛ من لەوەوە تێدەگەم کە ئێوە بوونتان هەیە، بەڵام ئەمە گۆڕانکارییەک لەم بیروبۆچوونە بنەڕەتییەی من نارەخسێنێت کاتێک من یەکێک لە تکا و خوایشتەکانتان وەڵام دەدەمەوە، هەستێکی بەتەواوی جودا لە هەستەکەم لەکاتی بەئاکام گەیشتنی یەکێک لە ئارەزووەکانم هەیە، من چ بارودۆخێک، بەر لەخۆ بێ خۆ بوونی عارفانەی زێدەڕۆیی ناناسم کە لەوەدا ئەم ڕایە بێ نموونە نەبێت، کەواتە ئەم باوەڕە کە ئێمە بەڕاستی هەموومان یەکێکین و ڕەنجەکانی ئێوە منیش دەگرێتەوە و ڕەنجەکانی منیش هی ئێوە، قەت ناتوانێت پاڵنەرێک بۆ من بێت، هەتا ڕەفتارێکی هاودەردانەم لەگەڵتان بێت.

من تەنیا دەتوانم، هەڵبەت ئەگەر بمەوێت، دڵم بۆتان بسووتێت، یان سرشتێکم هەبێت کە ناچارم بکات زۆر جددیتر بۆ ڕەنجەکانتان دڵ بسووتێنم کە بەداماوی لەبیری کەمکردنەوەی ژانەکانتان بم، بەڵام لەم جۆرە هەلومەرجە تەنگژاوییە ئەم گومانە لە دڵی مرۆڤدا وەگڕ دەکەوێت کە ئاخۆ ئەم هاودەردییە بەڕاستی بەجۆرێک لە جۆرەکان نەبووەتە خۆپەرستی؟

ڕەنگە ئەم تێفکرینە، لە چاوی شۆپنهاوەردا گرینگ نەبووە، ئەو چەکگەلێکی میتافیزیکی قورستری دیکەی هەیە کە ئەگەر کارتێکەر بن، عەیب و ئیرادەکانم بێ بایەخ دەکەن. بەداخەوە ئەم شتانە ئێمە بەرەو خۆڵاویترین و ناڕوونترین پانتاییەکانی ئەندێشەی ئەو دەبەن، کەواتە لێکۆڵینەوەی ئەوانە دەبێ دوابخەین، ئێستاکە دەبێ لێکۆڵینەوەی ئەو بەشگەلە لەسیستمە فەلسەفییەکەی بەکۆتایی بگەیەنین کە زۆر سەرڕاستانە ئەو بەرەو ئامانج دەبەن.

## تکا، ئێش، دڵتەنگی و مەرگ

هەتا ئێرە، من ئیرادگەلێکی سەرەتایی لەسەر وەسفە بەتەواوەتی نەرێنی و نێگەتیڤییەکەی شۆپنهاوەرم لە لەززەت هێناوەتە ئاراوە. ئێستا کە هەندێک لەمۆتیڤە تەوەرییەکانی دکتۆرینی مۆڕاڵی ئەومان لێکدایەوە، کاتی ئەوە گەیشتووە کە نیگایەکی وردتر بەدیدگا دەروونناسییەکان بخشێنین کە بوونەتە سەرچاوەی ئەم دکتۆرینە، بە خاترجەمییەوە، نێوان ئێش و لەززەت، نەبوونی هاوکاتییەکی هەرەزۆر و بەرچاو بوونی هەیە کە لە بەرانبەر دانانی ئەوانە لەچاو دەیانشارێتەوە. یەکەم خاڵ کە دەبێ بێتەئاراوە ئەمەیە کە هەر ئێشێک هەرچەندیش درێژخایەن بێت، لەئازارەکەی کەم ناکاتەوە و لەو لایشەوە بەشێوەی دڵتەنگانە نایەتەبەرچاو. خودی دڵتەنگی ژان و ئێشە و بۆ تاقمێک لەمرۆڤەکان ئێشێکی توندوتیژ و بەردەوامە، بەڵام ئێش چ کاتێک دڵتەنگانە نییە. لە ڕوانگەی بایۆلۆجییەوە، ئێش هێمایەکە کە سروشت بە ئێمەی دەبەخشێت هەتا تێ بگەین شتێک لەئێمەدا هەیە کە هەڵە و نالەبارە و هەمیشەش وانییە کە بکرێت ئەوە وەک شتێکی باش و بەجێ ببینین و (بە چ بەڵگەیەک ئەو بانگەشەیە کە ئێش، نەبوونی لەززەتە، بەڕاستی پووچ و هەڵەیە). هەتا ئەو کاتەی ئەم نالەبارییە کە هەرشتێکیش بێت، لە ئێمەدا بەردەوام بێت، ئێش و ژانیشمان دەبێت، مەگین ئەوەی ئارامبەخش و سوکناییدەر بەکاری بێنین.

لەلایەکی ترەوە، لەززەت (هەڵبەت من هەر لە یەکەم پلەدا لەززەتە بایۆلۆجییە بنەڕەتییەکانم لەبەرچاوە)، هەرچەند دەتوانێت هێمایەک بێت کە سروشت بە ئێمە دەدات تا لەوە تێ بگەین شتێکمان هەیە کە لە ئێمەدا ڕاست و لەبارە. سەرەڕای ئەمە هەر بەقەد ئێش، دەتوانرێ ئاگادارییەکی کەموزۆر بێت کە"ئیتر بۆ ئێوە بەسە"؛ واتە هەستی لەززەت کاتێک لەمرۆڤدا دەخولقێت کە نیازێکی بەئاکام گەیشتوو، یان تکایەک بێت کە ئاوڕی لێ درابێتەوە، بەڵام فێڵە سەیرەکەی لەززەت ئەمەیە کە دەمانەوێت هەمیشەیی و بەردەوام بێت، کەچی لانی کەم لەزۆر لەحاڵەتەکانیدا بە ئێمە دەفامێنێت کە بەو شتانە کە دەمانویست، گەیشتووین؛ وەک زۆر شت لەوانەی کە بەدەستی دێنین، لێرەیشدا هەستی ڕازیبوون کەمخایەنە، بەڵام هەر کاتێک بمانەوێت لەززەت لەدرێژەدانی ئەو ڕەفتارە، یان حاڵەتە بەردەوام بێت، لەزۆر بابەتەوە، لەتەنگژەی دڵتەنگی، هێڵنج، یان حاڵەتێکی دیکە لەئێش دەمێنینەوە.

ئەگەر بەم ڕەوشتە سەختەی مرۆڤخوازانە بەڵگەکانمان بخەینەڕوو، دەبێ بڵێین شێوەی ڕەفتاری لەززەت یەکێک لە ناچارەسەرترین فێڵەکانی سروشتە؛ لێ، لەزاتی خودی لەززەتدا چ شتێک نییە کە ئێمە هەڵخرێنێت تا بمانەوێت ئەم هەستە ڕاوەستێت و (لەواقیعدا بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەم شتە ڕاستە)، کەواتە درێژەی پێ دەدەین و لە لاسەرووی هەموو شتێکدا، لەززەت حاڵەتێکی یەکجۆر پەیدا دەکات و ئێمە گیرۆدەی هێڵنج، داژداماوی، یان داڕزاوی دەبین. سکاڵا گشتییەکەی شۆپنهاوەر لەجیهان دەکرا قنیاتکەرانەتر بێت کە ئەگەر بەجێگەی خاڵێک کە ئاراستەی کردووە و بەتەواوەتی قبووڵکراوە نییە ئەم خاڵەی نیشان دەدا کە چێژ و لەززەتەکان لەئاکامدا دەگەنە دڵتەنگی و ناخۆشی.

لە کردەدا، شۆپنهاوەر ناچارە پێداگرییەکی بەرفراوان لەسەر دڵتەنگی بکات؛ بەڵام بەزێدەڕۆیی لەئەندازە و ئاستی ئێش لەجیهاندا دەبێتە هۆی ئەوە کە پێداگرییەکەی کەمتر قنیاتکەرانە بێتە بەرچاو، ئەگەر ئەو جۆرە کە ئەو دەڵێت مرۆڤەکان هەمیشە لەحاڵی

دڵبەدوایی و پەشۆکاویدا بن و لە ڕووی ناچارییەوە لەحاڵی زۆرانبازی لەگەڵ ئەو هەموو مەسەلە خۆفناکەدا بن، کەموزۆر کاتێکیان بۆ نامێنێتەوە تا بیانەوێت دڵتەنگ بن. ئەوەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دڵتەنگی و بەخوداشکاوی، زوو تێپەڕبوونی هەستی لەززەتە کە هەر پێوەندییان بەو هەڕەشەی لەززەت لەمەڕ گەیشتن بە باشەیە، هەڵبەت هەرچەندیش بەناتەواوی. ئەو خۆی لەو کاتەدا کە لە مرۆڤە چالاکەکان و بەزۆری بەبێ هۆ چالاک، قسە دەکا و دەڵێت کە ئەمانە چۆن مرۆڤێکن، نیشان دەدات کە تا چ ڕادەیەک بەسەر ئەم بابەتەدا زاڵە. ئەم چالاکییە کە خەسڵەتی (زۆر خۆش ڕابواردن) و مرۆڤە هەرە بەرزەپەڕەکانە کە هەمیشە لەو تاسەدان هەتا بەدووی لەززەتە تازەکان بن، نیشانەیەکە لەئاگایی بۆ بۆشاییەک کە لە ژیانیاندا بوونی هەیە. سەمۆئیل جانسۆن ئەم «جۆر چالاکییە»ی لە ڕستەیەکی هەرەجواندا بە(توونێتی خەیاڵ) ناودێر کردووە. هەبوونی(توونێتی خەیاڵ) هەر ئەو شتەیە کە شۆپنهاوەر هەڵدەخرێنێت کە لە پلۆتێکی مۆڕاڵی جیاوازدا لەگەڵ ئەو شتەی کە تا ئێستا لێکمانداوەتەوە، پێگەیەکی هەرەبەرز بەژیانی بیرمەندانە ببەخشێت، بەڵام جودا لەو ئارمانە گەورە و خۆشە، مرۆڤ دەکەوێتە ناو چەقی ئەم گومانە کە پێداگرییەکەی لەسەر دڵتەنگی بەناوی حاڵەتێک کە مرۆڤ هەمیشە لەبەرانبەر گەڕانەوەی ئەودایە، ئاخۆ زێدەڕۆیی نییە؟

وەڵامی شۆپنهاوەر بەم ئیرادە دەتوانرێ ئاوا بێت کە زۆربەی خەڵکان لە پەی بردن بەوەی کە دڵتەنگن، سست و ناتوانن: ئەوان تەنیا لە هەستی گشتی دڵبەدوایی و نائارامی خۆیان ئاگادارن و ئەوە بە سەرخۆش بوون، یان یارییە پووچ و بێ هۆیەکان لەخۆیان دەتارێننەوە. بێ سۆ، ئەوەی کە لەسەردەمی دوا شۆپنهاوەردا لە ژێر ناوی (هەڕەشە لە کاتەکانی بێکاری) هاتووەتە ئارا، لەگەڵ ئەم بابەتە هاوخانی هەیە. ئەوەی کە بە ڕواڵەت شۆپنهاوەر دەیەوێت دەریبرێت ئەم بیرەیە کە تا ڕادەیەکی زۆریش شرۆڤەش بووە کە ژیان تەنیا خەمبار نییە، بەڵکو تراجیکە. دەکرێ بڵێین ژیانی زۆربەی مرۆڤەکان بێ بایەخ، یان لانی کەم بێ مانایە و ژیانی تاقمێکی کەم تۆقێنەرە (لانی کەم بەو مانایە کە شۆپنهاوەر لەوشەی تۆقێنەر هەیەتی). هەڵبەت زۆربەی مرۆڤەکان ئەمە ڕەت دەکەنەوە کە ژیانیان بێ مانایە، بەڵام بەگوێرەی بیروباوەڕی شۆپنهاوەر، ئەوان بە چەشنێکی خەفەتبارانە فریویان خواردووە. سەرەڕای ئەمە، دەبێ هێزی دۆخی هەڤبەریش لە ژمار بدەین: ئەگەر مرۆڤەکان قبووڵی بکەن کە ژیانیان بێ مانایە، ئەوسا ژیانیان بێ مانا نابێت. ئەمە خاڵێکی سەرەکی بۆ نرخاندنی فەلسەفەی ئەوە؛ لێ دەستەبەندی ژیان بە بێ مانا، تۆقێنەر، بێ بایەخ...تاد، بەچاوەڕوانییەکانی مرۆڤ پێوەندیدارە، شۆپنهاوەر نوقمی نائۆمێدی و خەمباری، لەنووسیندا بەردەوامە، بەڵام بەم حسابە ئەو بە چ هیوایەک تەماشای ژیانی دەکرد؟ ئەگەر چاوەنۆڕیی کەسێک لەژیان هەژارانە و کەموکووڕ بێت، ژیان بەخوداشکاو و نائۆمێدی ناکات.

بەڵام سووکی و ڕقێک کە شۆپنهاوەر بەنیسبەت هەمووان لە دڵیەتی، ئەمەمان پێ نیشان دەدات کە ئەو گومان نابات ئەوان بتوانن تەنانەت لەشیاوترین هەلومەرجیش، لەو شتەی کە ژیان پێیان نیشان دەدات، بەهرەمەند بن، بەڵام بەڕای ئەو، ئەوەی کە ژیان نیشانی دەدات، هەرە کەمە، کەواتە تەنیا مرۆڤە هەرە هەستیارەکان، لێوانلێو لە شەوق و خۆشی، زیرەک و لێوانلێو لە وزەی ژیانن کە زێتر لە هەر کەسێک لە ژیان نائۆمید دەبن، ئینجا دەکەونە کەڵکەڵەی ئەوە کە جیهان بە توندوتیژترین وشەگەل جنێوباران بکەن کە بۆچی نەیتوانیوە ئەو شتەی کە ئەوان ئەم هەمووە بەتاسەوە خوازیاری بوون، بەوانی بدات. پاڵەوانانی تراجیک لەم جۆرە مرۆڤگەلەن، بەڵام ئەگەر لە دوورەوە لێیان بنۆڕین، کامیان گەوجترن، پاڵەوانی تراجیک، یان مرۆڤی ئاسایی؟ ئاخۆ گەورەیی پاڵەوانی تراجیک لەکۆتایی ژیاندا، شێتی گەورەیی لێ نابێتەوە؟ هەرجۆرە نرخاندنی جیهان، ڕاشکاوانە لە ڕوانگەیەکی نەگۆڕە. ڕوانگەیەک کە شۆپنهاوەر هەڵیبژاردووە، ڕوانگەیەکی هەرەباڵا و لووتبەرزانەیە و لەئاکامیشدا هەموو شتێک ورد و خاش دەکات. بەڕای من، شۆپنهاوەر لەم بابەتەوە تاوانبارە کە لەکۆتایی ئەم بیرۆکەدا، بەجۆرێک دەکەوێتە نێو بێ نرخییەکی جوانکیلەی ڕوحییەوە.

(دەبێ ڕەخنەکارێک پەیدا بێت کە بەدووچوونی حەقیقەت بخاتەبەر ڕەخنەوە)- ئەمە لە وتە سەیرەکانی نیتشەیە کە بێ هۆ شۆپنهاوەری تووشی سەرسوڕمان دەکرد، لێ هەستی دەکرد دوای ئەوە کە لە حەقیقەت لە

ڕوانگەی(ئۆبژێکتیڤ) تێ بگات، ئەرکە زووەکەی ئەمەیە کە ئەوە بەگوێی گشت خەڵکانی جیهان بگەیەنێت، بەڵام ئاخۆ باشتر نییە بهێڵین زۆربەی مرۆڤەکان لەکۆمەڵەی وەهم و خەیاڵاتەکانیان بمێننەوە، چونکە کارێکی دیکەیان لەدەست نایەت؟ لەبەرچی بەگوماناوەری تاقمێکی کەم لەمرۆڤەکان ئەم هەمووە بایەخە دانێین کە قەت خۆیان لەبیری (حەقیقەت)دا نەبوون، بەڵام ئەو توانستەیان هەیە کە دوای ئەوەی حەقیقەتی خراپەیان نیشان درا، ستایشی بکەن؟ هەر ئەوەندە کە ئەم جۆرە پرسیارانە هەرگیز بەبیری شۆپنهاوەر نەگەیشتووە، بەجۆرێکی دی نیشان دەدات کە تا چ ڕادەیەک بیرمەندێکی دابونەریتی بووە.

با ئاوڕ لە ڕوانگە تایبەتییەکانی شۆپنهاوەر بدەینەوە. ئێستاکە پێویستە بیروڕای سەبارەت بە مەرگ لێکبدەینەوە. هەروا کە(وودی ئالێن)(٤١) لەسەرەتای فیلمی مەنهەتەن (٤٢) بەگاڵتەجاڕییەوە دەڵێت، ژیان تۆقێنەر و لێوانلێو لەدڵشکاوی، نابەدڵی و بەخوداشکاوی و کورتییە. شۆپنهاوەر لەواقیعدا ڕاشکاوانە و بێ پەردە دەپرسێت لەبەرچی مرۆڤەکان ئەم هەمووە بەسەختی جەخت دەکەن، ئەم هەمووە هێزە بۆ ئامانج گەلێک تەرخان دەکەن کە هێندە ڕووناکبیریش هەن تا بزانن ئەم ئامانجگەلە پووچن، چونکە چاک دەزانن ژیانیان کە بەکۆتایی بگات، ئەم ئامانجانەیش بێ کەڵک دەبن، دەکرێ زۆر بە سانایی بەرسڤ بدرێتەوە، ئێستا کە ژیان هێندە پووچ و بێ بایەخە، کەواتە باشترە هەرچی زووترە بەکۆتایی بگات، لەلایەکی ترەوە، ئەگەر گەیشتن بەئامانجە ڕەسەنەکان لواو بێت، ئەم حەقیقەتە کە مەرگ لەسەر ڕێگەیە و خۆی حەشارداوەتەوە، چ شتێک لەبایەخی ئەو کەم ناکاتەوە. من نامەوێت حاشا لەوە بکەم کە خاڵگەلێکی زۆر تیشکدەر و بەنرخ لەبارەی پێوەندی نێوان چۆناوچۆن ژیان کردن و ئاگاداربوون لەوەی کە ژیان بەکۆتایی دەگات، هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام ئەم بانگەشەیە کە مەرگ هەموو شتێک بێ بایەخ دەکات، سانایە، کەچی لەبارەی ئەم ڕایە کە ژیانی هەرمانیش دەتوانێت سرشتی ئامانج و دەسکەوتەکانمان هەندێک زۆرتر گوماناویتر بڕەخسێنێت، قسەی بەرفراوانی لێ دەبێتەوە. لەم بابەتەیشەوە شۆپنهاوەر قسەگەلی دووپاڵوو دەردەبڕێت: لەلایەکەوە مەرگ بەردەوام وەک یەکێک لەهۆکارەکان دەژمێرێت کە ژیان خراپتر لەوە کە هەیە، دەکات. لەلایەکی ترەوە، بەپێی ڕوانگە بنەڕەتییە میتافیزیکییەکەی، باوەڕی نییە کە ژیانی ئێمە بەمردن بەکۆتایی دەگات، لێ ئێمە دوای مردن تەنیا لە کۆسپی وەهمە تاکییەکەمان ڕزگار دەبین و بە"خوایشت"ێکی گشتییەوە گرێ دەدرێین، بەڵام بێ ئەقڵانەیە ئەگەر ئێمە لەم سەربەستییە خۆشحاڵ بین، لێ(خوایشت)خراپەیە. یەکێک لەناوازەترین پاژەکانی چاپی دووەمی کتێبی جیهان وەک خوایشت و وێناکردن (سەبارەت بە مەرگ و پێوەندی ئەو لەگەڵ بەردەوام بوونی سرشتە دەروونییەکەی ئێمە) (٤٣) ناودێر بووە. شۆپنهاوەر لەوێدا دەنووسێت:

مەرگ سەرکۆنەیەکی گەورەیە کە خوایشتی ژین و بەتایبەت خۆپەرستی کە لەگەڵی هاودەمە، لە بەینی ڕەوتی سروشتدا وەردەگرێت؛ دەکرێ بڵێین مەرگ سزای ئەم ژینەیە. مەرگ، کردنەوەی ئێشدەری گرێیەکە کە زاوزێی لەگەڵ لەززەتی شەهوەت بەستووەتەوە؛ مەرگ، لەناوچوونی گرژانە و بە یەکجاری هەڵە بنەڕەتییەکانی سرشتی حەقیقی ئێمەیە کە هەر لەخۆوە و بە زۆرەملێ، خۆی بەسەر ئێمەدا دادەسەپێنێ؛ مەرگ، ئازادییەکی گەورە لەدەست گومان و خەیاڵە. لەواقیعدا، ئێمە شتێکین کە دەبوا نەبووینایە؛ کەواتە هەبوونمان دادەخرێت. خۆپەرستی ڕاستییەکەی لەمەدایە کە مرۆڤ هەموو ڕاستییەکە تەنیا بەخۆیەوە گرێ دەدات و لەبەستێنی خۆیدا ڕاڤەی دەکات، چونکە لێی وایە لە کەسێتیی خۆیدا ژیان بەسەر دەبات و نەک لە دیتراندا. مەرگ شتێکی باشتری فێردەکات، لێ خودی خۆی لەناو دەبات و بەم چەشنە سرشتە حەقیقییەکەی مرۆڤ کە تکای ئەوە، دوای ئەو تەنیا لە کەسانێکی دیکەدا بە ژینەکەی درێژە دەدات.(٤٤)

پارچە دەقەکەی سەرەوە نیشان دەدات کە ڕوانگەی شۆپنهاوەر بە مەرگ تا چ ڕادەیەک دووپاڵوو بووە. مەرگ(موکافات)ە و بەم حاڵەشەوە دەبێ لەناخی دڵەوە تاسەی بکەین، بەڵام بۆمان ڕوون نییە چۆن دەرباز ببین لە خەیاڵاتێک چەشنی ئەم خەیاڵە کە ئێمە بێ دەوامین، ئەو کاتەی کە دەچینەوە نێو(خوایشت)ی باڵاوە، ئەگەرچی دەزانین هەمدیس لە لەشێکی دیکەدا زیندوو دەبینەوە، دڵمان زۆر خۆش دەکات؟

## کاری سێکسی و خۆکوژی

زۆر سروشتییە کە شۆپنهاوەر کاروکردەوەی سێکسی لانی کەم تا ئەو ڕادە کە بەقەستی ئاوسی بکرێت، بەدڵتەزێنترین تاوانەکان لەقەڵەم بدات. هەرچەند دەکرێ بەشێوەی گشتی بڵێین کە شۆپنهاوەر ڕوانگەیەکی باشی بەنیسبەت ڕەفتاری سێکسی نەبوو، پتر ئەم ناحەزییەی لە لایەنە جوانیناسانەکەی دەردەبڕی تا مۆڕاڵییەکەی. شۆپنهاوەر بە سکوزا بەو دوژمنییە ناڕوانێت کە لۆژیکی بەڵگەکانی پێویستی دەکرد. لەپاژی (میتافیزیکی ئەشقی سێکسی)(٤٥) لەبەرگی دووەمی جیهان وەک خوایشت و وێناکردن، ئەو بە زۆری دەست دەداتە ڕاژە و پەرەپێدانی شەیدایی و بەخۆداشکاوییەکانی دڵداران و ئەو تێبینیانە کە زۆرتر ئەزموونی درۆیینە نیشان دەدات. بۆ وێنە (ئەگەر ژنێک هەژدە تا بیست و هەشت ساڵە نەبێت، ناتوانێت کارێک بکات هەتا لێی زەق بینەوە). شۆپنهاوەر سکو زا بە واڕسکەیەکی توندوتیژ لەقەڵەم دەدات و جەخت ناکات هەتا لەوە پاشگەزمان کاتەوە. لەلایەکی ترەوە نێر و مێ بازی تەنیا لەم بابەتەوە کە (پێچەوانەی سروشت)ـە بەچاوێکی سووک لێی دەڕوانێت، بەڵام بەپێی بیروبۆچوونە گشتییەکەی بەنیسبەت سروشتەوە، سەیرە کە شتێک لەستایشی ئەم ڕەفتارە پێچەوانەی سروشت دەرنابڕێت و لەبەر ئەوە کە لە نێرومێ بازیدا، لەززەتی ڕاحەت بوونی سێکسی هەیە، بەبێ ئەوەی کە ئاکامە ناخۆشەکەی لەدایکبوونی بوونەوەرێکی دیکەی بەشوێنەوە بێت، جارێکی دی دەکرێت تەنیا لە دابونەرێت خوازییە سفتوسۆڵەکەی شۆپنهاوەر کە بانگەشەی دەکرد لەبن و بنچینەدا بە ڕوانگەیەکی تازەوە دەنرخێنێت، ڕەخنە بگرین.

بەشگەلێکی درێژخایەن لە بەرهەمگەلی شۆپنهاوەر هەن کە لەوانەدا ئیتر ئەو ڕوانگە ئاساییەی خۆی بەژیان نیشان نادات، تەنانەت وادەنوێنێ لەو شێوازە کە جیهان بەخۆیەوەی گرتووە، ڕازییە، ڕەنگە ڕوانگە و تێبینییە ئاسانخوازەکەی ئەو بە کاری سێکسی و سکو زا، دەسکەوتی ئەم پێزانینەی ئەو بێت کە لەوەدا خوایشتی شەخسی بە ڕەش و ڕووتترین چەشن ئاشکرایە. لەسێکس کردندا، ژن و پیاو، تا ئەو ڕادەیە کە بۆیان دەگونجێت بەحاڵەتێک دەگەن کە لەوەدا تاکە درۆیینەکانی خۆیان لەدەست دەدەن و تەنیا چەشنگەلێک لەخوایشت دەبن. بەم حاڵەیشەوە، مرۆڤ چاوەڕوانە شۆپنهاوەر جددیتر لەمانە، ئیمکانی دوورگری هەمەلایەنەی هەموو مرۆڤەکان لە سێکس کردن دەخاتە بەرچاو و لێی ڕادەمێنێت. ئەوەی کە بەگوێرەی میتافیزیک، دەتوانرێ دەسکەوتی حاشاکردنی خوایشتی ژیان بێت، نادیارە. بە ڕواڵەت، مانای ئەوە دەتوانرێ بە تەفروتوونایی مرۆڤ، بەم چەشنە، لەنێوبردنی هەموو ژانەکانی ژیان بێت. شۆپنهاوەر لەحاشاکردنی ئەم خوایشتە ڕادیکاڵەیە، بەڵام بە ڕواڵەت، نەک بە شێوەیەکی هێندە ڕوون و ئاشکرا. ئەم خاڵە کە «دوا قڕکردنی مرۆڤ» ڕەنگە هەمیسان(خوایشت)ی میتافیزیکی بەچەشنی کۆمەڵێکی یەکپارچە لەژان و خراپە لەژیاندا بەردەوام بێت، ڕاستە. (هەڵبەت ئەگەر بتوانین مانایەک بۆ ئەم بیروبۆچوونە تەرخان بکەین)، بەڵام ئیدی ئەمە بۆ ئێمە گرینگایەتی نییە.

یەکێکی دیکە لەڕوونترین شێوەکانی حاشاکردنی خوایشتی ژیان کە بە ئەقڵی مرۆڤ ختوورەدەکا، خۆکوژییە، بەڵام هەمیسان «لەقەبڵاندنی بیروبۆچوونی شۆپنهاوەر لەم بابەتەوە» ڕەنگە بەهەڵەدا بچین. شۆپنهاوەر لەتاوانبارکردنی خۆکوژی هێندە هیچوپووچ و ساکاربێن نییە کە لەتاوانبارکردنی ڕەفتارە(ناسروشتییەکان) وا بێت، لە بەرگرییە ئایینییەکەشی ڕەخنەیەکی هەرەزۆر دەگرێت:

دەڵێن خۆکوژی لە ترسنۆکانەترین ڕەفتارەکانە و تەنیا شێتەکان خۆیان دەکوژن و لەم قسە قۆڕانە، یان ئەوەی کە بەبێ هۆ دەڵێن خۆکوژی(هەڵە)یە، کەچی زۆر ڕوون و سروشتییە کە مرۆڤ لەم جیهانەدا مافێکی بەبێ هۆتر لە مافی خۆی بەسەر ژیانەکەیدا نییە.(٤٦)

ئەم ڕایەی ئەو خۆشحاڵکەر و هێزدەرە، هەروەتر ئەو دژبەرییەی کە لە درێژەی ئاخاوتنەکانی نێوان دوو هەستی ئێمەدا دەینەخشێنێت: مەترسی لەوەی کە هاوڕێیەک خەڵکی کوشتبێت و پەژارە و نائومێدی لەوەی کە هاوڕێیەک خۆی کوشتبێت. بەتەواوی ئەم شتانە، خۆکوژی وەڵامێک بەقوربەسەری ژیان نییە.(تاقانە هۆکاری ئاکاریی بەڵگەدار دژی خۆکوژی ئەمەیە کە خۆکوژی دژی گەیشتن بە بەرزترین ئامانجە ئاکارییەکانە، چونکە لەبەرانبەر دەربازبوونێکی ڕواڵەتی لەم جیهانە نالەبارە، ڕزگاربوونی حەقیقی دەخاتە بەر

ڕێگەمان)(٤٧). ئەمە وتەیەکی لوغزییە، هەرچەندە شۆپنهاوەر لەجێگەیەکی دیکەدا، بەلێدوان و چڕوپڕییەکی بەرفراوانترەوە لەم خاڵە ورد دەبێتەوە.

ڕەخنە و ئیرادە سەرەکییەکەی شۆپنهاوەر بەخۆکوژی، ئەمەیە کە تاک لە تەلاش بۆ ڕزگاری لەئازار و ژانی ژیان، لە ڕێگەی خۆکوشتن، پێش ئەوەی کە بە ڕەتکردنەوەی خوایشتی ژیان بگات، لەواقیعدا بەچەشنێکی سەرسوڕهێنەرانە، هێز و دەسەڵاتی خوایشت دەهێنێتەگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر دەسکەوتی ئەم کارە دابڕان لە ژیان و بوون بێت. وا دێتە بەرچاو کە ئەم کەسە بە ڕەفتارێکی ڕەها بۆ ویستنی شتێکی هێندە بناغەیی بەهێزێکی زۆرەوە، دڵنیاییەک دەخولقێنێت کە ئەوپەڕی خوایشت بەژیانێکی بەرزتر، واتە(خوایشت)ی باڵا ڕاگوێزرێت. ئەو کەسەی کە خۆکوژی دەکات بە شێوەیەکی هەرە پەسندکراو، هەمدیس پێ دەخاتە نێو دەڤەرێکی نادیار کە بەپاداشتی ئەو ژان و دەردانە کە چێشتوویەتی، بەدیقەتکردنێکی هەمەکی ناخۆش بەرانبەر دەبێتەوە و ئەگەری گەڕانەوەی بە لەشێکی دیکە لەداهاتوویەکی هەرەنزیک زۆر دەبێت. شۆپنهاوەر کە لێرەدا پتر لەهەر جێگەیەکی دی لەژێر کارتێکەری ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکاندایە، لەم دکتۆرینە بەشێوەیەکی هەرەجددی پشتیوانی دەکات. ئاخۆ بەم چەشنە مرۆڤ دەتوانێت بەمە هیوادار بێت کە لەدەست خوایشت ڕزگاری بووبێت؟

**وانە پێشرەوتەکانی شۆپنهاوەر لە مۆراڵی میتافیزیکیدا**

تاقانە ئامانجە ماقووڵانەکەی هەر بوونەوەرێک، دابڕانی بوونایەتییە. پێشتر دیمان کە ڕەوتە بە ڕواڵەت ڕوونەکان بەلای ئەم ئامانجە ڕێ بەجێگەیەک نابەن. ئەوەی کە شۆپنهاوەر بەجێی ئەم ڕەوتانە پێشنیاری دەکا، ئەوەیە کە لەپاڵ ژیان کردنمان، ڕەوشتگەلێک بەکار بێنین کە ئەگەر سەرکەوتووانە بەئاکام بگەن، دەگەنە ڕەتکردنەوە و حاشاکردنی خوایشت. ئێمە فێربووین کە بە خۆپارێزی و دیقەتەوە هەنگاو هەڵێنین. حاشاکردنەکان، مەبەست لەوانە هەرشتێک بێت، لە بیروبۆچوونەکانی شۆپنهاوەردا بەزۆری خەسڵەتێکی پۆزەتیڤانە و بەتین و بەهێزتر لەوە پەیدا دەکەن تا لەخزمەت ئامانجە دیاریکراوەکەدا بێت.

بۆمان دیار دەبێت کە سێ شێوەی ڕەسەن بۆ خوایشتی بوون لە ئارادایە. سەرسوڕمانی سەرەکی لێرەدایە کە ئەم شێوەگەلە بە تەواوی سرشتێکی بەڕاستی دابونەریتیان هەیە، هەرچەندە هەموویان لە ئاکارگەلێک وەرگیراون کە ئامانجیان بەتەواوەتی لەگەڵ ئاکاری شۆپنهاوەر جیاوازی هەیە. ئەم سێ شێوە، ڕێگەگەلێکن کە ئیمانداران، فرەزانان و هونەرمەندان دەیگرنەبەر کە بەڕیزبەندییەوە نوێنەرانی کۆنترین سێ پیرۆزانن، واتە(باشە)، (حەقیقەت) و (جوانی).

پێشتر کردەوە و هەڵسوکەوتی ئیماندار و قدیس، هەرچەند نەک دەقاودەق بەم ناوە، لێکمانداوە.ئیماندار، لەواقیعدا نموونەیەکی بێگەرد لە مرۆڤی هاودەردە کە هەموو ژیانی بۆ داسەکاندنی ژان و ئازارەکانی دیتران زەوت کردووە و تەنیا تا ئەو ڕادە لەبیر خۆیەتی کە بۆ کارتێکەری و کارابوون لەباشەکردن بەمرۆڤە جەزرەبەکێشەکان پێویست بێت، ڕۆڵی ئەو بە ڕواڵەت ڕۆڵێکی دژوارە، چونکە ئەگەر لە دامرکاندنی ژان و مەینەتییەکانی دیتران سەرکەوتوو بێت، ئەوانیش بەرەبەرە ژیان بەرگەگرانەتر لەوە ئەبینن کە دەبا بیانگرتایە، ڕەنگە وەک گەوج و نەفامەکان خۆیان بەم بیرە دەخڵەتێنن کە بەختەوەر و شادومانن، کەواتە بۆ خواترس باشتر وایە کە هاودەردییەکەی بەرتەسک بکاتەوە. سەرەڕای ئەمە، ڕەنگە تووشی ئەم قوڕبەسەرییە بێت کە لەسەر ڕێگەی هەرجۆر مرۆڤ دۆستێکی بێگەردە کە لەگەڵ خەڵکە هاوبیرەکانی، یان باشتر بڵێین هاودڵی خۆی، بەرانبەر دەبێتەوە؛ مرۆڤگەلێک کە دەیانەوێت ئازارەکانیان دامرکێنن. خاڵەکە لێرەدایە کە ئەگەر کەسێک ڕووبەڕووی مرۆڤدۆستانێکی هەرەزۆر ببێتەوە، بیر و بڕوای بەنیسبەت مرۆڤەکان باشتر دەبێت و لەئاکامدا بەم شتە دەگات کە هەستەکەی لەمەڕ جیهان، شادومانەتر لەوە دەبێت کە لەبیروباوەڕی شۆپنهاوەردا دەبا بوایە. ئەم ڕاستییە کە ئەم جۆرە گریمانەیە لە دوورترین ئەگەرەکانە و ئەوەی کە زۆربەی مرۆڤەکان وەک جاران بەو هەمچەرەکی و نانەجیبییە دەبن کە شۆپنهاوەر بەزەوقی ڕۆماننوسێکی گەورە وێنایان دەکات، چ شتێک لەهێز و دەسەڵاتی بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەو شتەی سەرەوە کەم ناکاتەوە. مرۆڤێک کە هەموو گیانی بە هاودەردی تەنراوە، بەشێوەی نموونەیەکی ئارمانی

دیتەگۆڕێ، وا نایەتە بەرچاو کە ئەگەر، بەپێچەوانەی گشت ئەگەرەکان، ئەم ئارمانە تا هەر ئاستێکی زۆر سیمایەکی حەقیقی بەخۆیەوە بگرێت، دیسان بتوانێ لە ئاراستەی ئامانجی باڵادەست، کە تەفروتونایی خوایشتە، کارتێکەر بێتەژمار. تاقانە بژاردەی دیکە ئەمەیە کە مرۆڤی هاودەردی ڕێکوڕاست، لە چوارچێوە گشتییەکەی شۆپنهاوەر، بۆ گواستنەوەی زانستەکەی لەمەڕ چەرمەسەریی ژیان قۆڵ هەڵدەکات و بەجێگەی باشەی زۆرتر، هێزەکەی بۆ فێرکاری وەگەڕدەخات، بەڵام لە ڕوانگە گشتییەکەی شۆپنهاوەر لەبارەی مرۆڤەوە دیارە کە یەکەم ئیماندار، بەفێرکارییەکانی لەسەر خەڵکی زۆر کاریگەری دانانێت و دووەم ئەوە کە تا ئەو جێگەیە کە بۆ پەرەپێدانی حەقیقەتی کارەکان قۆڵ هەڵدەکات، ئیدی وەک ئەندامێکی دەستەی یەکەم، واتە لەگرووپی ئیماندارەکان پۆلێنبەندی ناکرێت، بەڵکو لەناو گرووپی دووەمدا، واتە فرەزانان، پۆلێنبەندی دەکرێت، کەواتە ئێستاکە من بەدواداچوونی فەلسەفە وەک دووەمین شێوەی ڕزگاری لەخوایشت لێکدەدەمەوە.

لە ڕوانگەی شۆپنهاوەرەوە، بەدووی فەلسەفەدا چوون، بەرانبەر بە وەرگرتنی پاشەکەوتێکی بەرفراوان لەزانیارییەکان لەمەڕ جیهان، یان تەنانەت زانست بەسەر قووڵترین ژێدەرەکانی کردەوە، یان بەواتایەکی دی هەڵسوکەوتەکانی(خوایشت) کە لەخوایشتە هەرەزۆرەکاندا ئاشکرا دەبێت، نییە. فرەزان لەم جۆرە زانستە خۆی بە ڕووپەڕێکی بانتر دەگەیەنێت کە لەوێدا شتەکان لەبەرژەوەندی هەتاهەتاییەوە دەنۆڕێ. هەر لێرەدایە کە یەکێک لە سەیروسەمەرەترین هێمانەگەل لەئەندێشەی شۆپنهاوەر دێتەگۆڕێ؛ چونکە فرەزان کە دەتوانێت جیهان بەدوور لە فۆرمە ئیدراکییەکان بنۆڕێت، بەرەو ڕووپەڕێک دەڕواتە سەر کە بەتەواوەتی لە دەسەڵاتی زانا ئاساییەکان بەدوورە. لەواقیعدا، ئەو بەدرکی شتێک نەک کەمتر لە(فۆرم، یان فۆرمە ئەفلاتوونییەکان) دەگات، واتە ئەو خودە دواییە نازەمەنە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوایان داگیرکردووە و ئێستاکە بە چەشنێکی بنچینەیی گۆڕدراو، هەمیسان ئاشکرا دەبنەوە. (فۆرمە ئەفلاتوونییەکان) لەدیدی ئافرێنەرە سەرەکییەکەیان، بەرزترین شتە ئاکارییەکان بوون کە لەئەنجامدا تەنیا بە ڕوانگەیەکی عیرفانی فام دەکران. ئەوانە فۆرمە باڵادەستەکانی ڕاستییە گچکە گۆڕدراوەکان بوون کە ئێمە کەموزۆر بەوانەوە سەرقاڵین. جیهانی واقیع لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە لاساییەکی لاواز و کز لەجیهانی (حەقیقی)بوو. بەم حاڵەیش، لەبەر ئەوە کە لەم جیهانە ڕاستەدا شتگەلی باش و جوان و حەقیقی هەن، جیهانی(حەقیقی)/(فۆرمی) بەرزترین مزگێنیی بۆ کەسێک دەبێت کە دەیتوانی وێنایەک لەوە بەدەست بێنێت.

پێکهاتەی پێوەندی نێوان ئەم جیهان و جیهانی فۆرمەکان بۆ شۆپنهاوەریش هەر ئەوەیە کە بۆ ئەفلاتوون بوو؛ بەڵام ناوەرۆکی ئەم دوو جیهانە لە بن و بنچینەوە لەگەڵ یەکدیدا جیاوازن: جیهانێک کە ئێمە لە ڕوانگەی شۆپنهاوەرەوە پەیدای دەکەین، بەهەموو چەرمەسەرییە دارماڵ لەشێواوییەکەی، پاداشێک وەک بەرزبوون بۆ پێگەیەکی بڵندخوازانە وەردەگرێت؛ بەڵام ئەمە بە چ چەشنێک مزگێنی نییە. هیچ ڕێژە، یان جۆرە بەرزبوونێکی میتافیزیکی، ناخۆشییە دەروونی و زاتییەکەی ئەم جیهانە ناگۆڕێت. ئەگەر وا دێتەبەرچاومان کە تێڕامانەکانی شۆپنهاوەر لەم بابەتەوە هیچ باسوخواسێکی فەلسەفی ئەوتۆ و گرینگی بەشوێنەوە نییە، دەبێ ڕوونکردنەوەکە لەشێوەیەک بدۆزینەوە کە ئێمە بە ناسینی دیمەنێکی ڕەش و ناخۆش دەگەیەنێت کە ئەو لە(فۆرمە ئەفلاتوونییەکان) بەدەستی داوە؛ لێ ئەو دەڵێت: (ئەوەی کە ماوە، مەعریفەیە، ئەوەی کە تێپەڕاوە خوایشتە)، هەر ئەم ڕاستییە ڕزگاربووەی لەئازاری خوایشتە کە بە خودی ژیان بایەخی ژیان دەبەخشێت. دزەکردن بە ناخ و دڵی شتەکان، بە هەر ئامانجێک کە بگات، دەگاتە خۆشحاڵییەکی تایبەت کە بەچڕوپڕییەوە قەرەبووی سرشتی بابەتەکانی تێفکرینی بەتاڵ لەخوایشت دەکات.

لەم بەشە، لە بەڵگەهێنانەکانی شۆپنهاوەرە کە دەرەنجام سروشتە بناغەییە جوانیناسانەکەی تەلاشە فەلسەفییەکانی ئەو بەتەواوەتی ئاشکرا دەبێت. ئەو لە ڕەخنەی (داوەریی جوانیناسانە)(٤٨)ی کانت (ڕەخنەی سێیەم کە قبوولکراوی شۆپنهاوەرە) چەمکی بایەخدانانی جوانیناسانە وەک (تێڕامان بەبێهۆگری و حەز) بە قەرز وەردەگرێت. لەم چاوگە، هێڵە

جیاکەرەوەکەی نێوان هونەر و ناسین، هەر دێت و تەسکتر دەبێتەوە. لێرەدا پێداگری لەوەی کە دەبینرێت، بەرەو سرشتی ڕوانین تاووتو دەکرێت، شۆپنهاوەریش هێندە سەرمەستی (بەتاڵبوون لەهۆگری و حەز)ـە کە ئیدی بۆ ئەو چ جیاوازییەکی نییە کە(بەتاڵ لەهۆگری) بە نیسبەت چ شتێکە و لەواقیعدا سرشتی دیتنی ئەوە شتە کە دەبینرێ، دەگۆڕێنێت. ئەمە سەرکەوتنی ڕەهای تێڕامانی بەتاڵ لەخوایشتە کە دەتوانێت هەر شتێک، یان بەڕاژەیەکی دەرەنجامی و هەرە سەرمەستانەی شۆپنهاوەری (هیچ)-ببینێ و بەم دیتنە بایەخی پێ ببەخشێت. ڕەنگە کانت بەبیستنی ئەم بیروڕایە تووشی دڵەڕاوکێ دەبوو، لێ شۆپنهاوەر هەر ئەو گومانە دابونەریتیانە لەمەڕ ئەو شتە باشانە کە بایەخی تێڕامانی جوانیناسانەن، لەخۆیدا هێشتبووەوە. ڕێک هەر لەم جێگەدایە شۆپنهاوەر لە سیستمە هزرییەکەی، ڕەنگە بەبێ ئەوەی خۆیشی بزانێت، بەڕاستی شۆڕشگێڕ دەبێت. بەتاووتوکردنی گشت بایەخە تێفکرینەکان، لەو شتانە کە بایەخی تێفکرینە تا خودی کردەوەی تێفکرین، ئەو بەروانرۆ و بنیادنەری شێوازێ لەبایەخدان ناودێربوو کە بەتەواوەتی لەگەڵ هەموو شێوازەکانی بایەخدان بەر لەخۆی جیاواز بوو.

ئەمە کە شۆپنهاوەر بەگومانی زۆرەوە لەوەی کە ئاراستەی دەکرد ئاگادار نەبووە، بە چ جۆرێ لەگرینگایەتی دەسکەوتە ناماقووڵانەکەی، یان ڕۆڵ و کارتێکەرییە هەرەگرینگەکەی ئەو لە ڕەوتی خۆوێرانکەرانەی تراجیکی هزری ڕۆژئاوایی کەم ناکاتەوە. کەسێک کە بەمانا و گرینگی هەمەلایەنەی ئەو شتە کە شۆپنهاوەر بەئەنجامی گەیاندبوو، ئاگاداربوو، نیتشە بوو کە لە کتێبی (لەدایکبوونی تراجیدی)(٤٩) بانگەهێشت و دووپاتی کردەوە کە(جیهان تەنیا لەپێگەی دیاردەی جوانیناسانە شیاوی پاکانەکردنە). ئەم فۆرم بەستنە بەگومانی زۆرەوە، شۆپنهاوەری تووشی سەرسوڕماوی دەکرد، چونکە ئەو گۆڕانی فۆرمێک کە فرەزانەکەی لە ڕێگەی تێڕامانەوە بەجیهان دەبەخشێت، لەبنەڕەتەوە بە دەسکەوتێکی مۆڕاڵی، یان بەواتایەکی باشتر، بەئاییینی دەیزانی. ڕوح، بە دانانی مەعریفە بە جێگەی "خوایشت"، بە سوکناییە دەرەنجامییەکەی خۆی دەگات - بەڵام ئەوەی کە تا هەتاهەتا ئەم ئارامشە دەپارێزێت، یان نا، مەسەلەیەکە کە نەوتراو دەمێنێتەوە، کەواتە ئەگەرچی فرەزان سیمایەکی دابونەریتی لەفەلسەفەدایە، گێڕانەوەی شۆپنهاوەر لەوەی کە چ شتێک فرەزان دەکا بەفرەزان، نۆژەنێکی سەرسوڕهێنەرانە، تۆقێنەر، لە ئەنجامیشدا کارەساتییە. هەم لە ڕوانگەی کانت و هەم لەدیدی ئەفلاتوونەوە، هونەرمەند پلەیەکی هەرەخوارتر لەفرەزانی بۆ دابین کرابوو، لەواقیعدا ئەفلاتوون ئەم دوو شتەی لەبەرانبەر یەکدیدا پێناسە دەکرد. لە ڕوانگەی شۆپنهاوەر، فرەزان و هونەرمەند بە دژواری لەیەکدی جیادەبنەوە.

## میتافیزیکی مۆسیقا: مۆسیقا وەک میتافیزیک

شۆپنهاوەر لەنێوان فەیلەسووفاندا لەم بابەتەوە کە لە هونەرەکان ورد دەبێتەوە و گرینگایەتییان بۆ دادەنێت، دیارە زۆریش بژاردە و قوتحەیە. لەبەرهەمگەلی زۆربەی فەیلەسووفاندا، هونەر ئەگەر ئاوڕی لێ بدرێتەوە و بێتە بەرباس، شتێکە بەقەد بابەتە دووەمینەکان. لەم نێوانە، کەسێتییە ڕیزپەڕە سەرەکییەکان بریتین لە: ئەفلاتوون، کە لەگەڵ هونەردا دوژمنایەتییەکی ئاشتی نەکەری بوو؛ هیگڵ کە هونەر بە بازدانێکی گرینگ لەپێشڕەوتی"ڕوحی جیهانی" دەزانێت؛ هەڵبەت نیتشە، کە لە هونەر پتر لەهەر فەیلەسووفێک حاڵی و بەدحاڵی بووبوو. بۆ شۆپنهاوەر هونەر پێگەیەکی تەوەری هەیە. سەیرە کە سەرەڕای ئەم شتە، ئەو توانستی دەرەکی باڵاترین بەرهەمگەلی هونەری نەبوو و بیروڕای سەبارەت بەوانە نەشیاو و کاڵ بوو. شۆپنهاوەر، هەروا کە لێی چاوەڕوان دەکرێت، زەوق و تاسەیەکی بەهونەرە دیدارییەکان نەبووە، لێ ئەم هونەرانە، بەتەواوەتی بەجیهان وەک شانۆ پێوەندیدارن. لەپلەی یەکەمدا، مرۆڤ وابۆی دەچێت کە ئەو دەبا هەم خوازیاری تراجیدی و کۆمێدی بووبێت و هەمیش درکێکی پوختە و باشی لەو دوو شتەی هەبێت، چونکە ئەو بە هێمانەگەلی گاڵتەجار و قەشمەرجاڕ لە ژیاندا هەستیار بوو و خۆیشی حەنەکچییەکی هەرە بەتوانست بە زمانێکی تاڵ و توندوتیژ بوو، بەتایبەتی لە بەگاڵتەگرتنی فەیلەسووفانی دیکەدا زۆر بەتوانست بووە. لەواقیعدا ئەو دەیتوانی وتە ناوازەکانی(هاراس والپۆل) (٥٠) وەربگرێتەوە و بڵێت کە ژیان بۆ ئەو کەسانە کە خوازیاری ژیانن، تراجیدییە و بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن

بیروران، کومێدییە، بەڵام لە واقیعدا بیرۆکەی ئەو سەبارەت بەتراجیدی هەرە پشت بەستوو بە بیرورا دابونەریتییەکانە و زۆریش منداڵانەتر لەوەیە کە بتوانێت گەش و سەیر بێت و شرۆڤەکانی لەمەڕ تراجیدییە تایبەتییەکان و پاڵەوانەکانی بەدەر لە تێڕوانین و بەباوەڕێکی زۆر گەوجانە ئاراستە بوون.

تاقانە بەشێک لەبیرۆکە جوانیناسانەکەی کە ئەو بیرورا تازە بنەڕەتییەکانی تێدا ئاراستە کردووە، هونەرێکە کە فەیلەسووفان زێتر لە هونەرەکانی دیکە لەبیر خۆیان بردووەتەوە: مۆسیقا و ڕوانگە و هەڵوەستەیەک کە لەم بوارەدا بڕیار دەدا، بەڕاستی ڕەتێنەر و سەرسوڕهێنەرە. هەر کەسێک کە مۆسیقا بۆ ئەو یەکێک لە دوو سێ شتە گرینگەکەی ژیانە، بەتەواوەتی خۆی بە قەرزداری شۆپنهاوەر دەزانێت کە بوێری بووە و وتی کە مۆسیقا یەکێک لە گرینگترین شتەکانە. ڕاژە دوورودرێژەکەی لەمەڕ مۆسیقا، هێندە ئاوێتەی میتافیزیکەکەی بووە کە بکرێ قبووڵی بکەین، بەڵام بەهەر چەشن، ئەم شرۆڤەی ئەو بەڕاستی نوێ و جێگەی تێفکرینە، ئەو خەسڵەتە لەمۆسیقا کە پتر لەهەر شتێک ئەوی بەخۆوە ڕاکێشاوە، ئەمەیە کە مۆسیقا بەتەواوەتی نائاوەزمەندانەیە و بە هیچ جۆرە پێوەندییەکی بەو گوتەزایانەوە نییە. کە ئێمە لە تێفکرین بەژیان، یان قسەکردن لەوە بەکاری دێنین، ئەو گوتەزایانە دەنووسێت کە ئێمە بە جیهانی دیاردەیی پابەند دەکەن:

مۆسیقا هێندە کە فۆرمێکی ئۆبژێکتیڤیی پەیداکردووە و نوسخەیەکی بەدەڵی ڕاستەوخۆ لە گشت خوایشتە، کە خودی جیهان، یان لەواقیعدا"فۆرمەکان" (فۆرمە ئەفلاتوونییەکان) هەن، دیاردەیی بەردەوامییان، جیهانی شتە تاکییەکان دەخولقێنێت، کەواتە مۆسیقا بە چ چەشنێک وەک هونەرەکانی دیکە، نوسخەی بەدەڵی" فۆرمەکان" نییە، بەڵکو نوسخەیەکی بەدەڵ لە خودی خوایشتە- خوایشتێک کە بوونە دەرەکییەکەی خودی" فۆرمەکان"ە. بەم هۆکارە، کارتێکەری مۆسیقا هەرەزێتر و بەهێز و تینتر لە کاریگەری هونەرەکانی دیکەیە، لێ هونەرەکانی دیکە تەنیا لەسێبەرەکان دەپەیڤن، کەچی مۆسیقا لەزات دەپەیڤێت.(٥١)

ماوەیەکی تر ئاوا دەنووسێت:

مۆسیقا لەهەموو کوێ تەنیا گەوهەری ژیان و ڕووداوەکانی دەردەبڕێت، نەک خودی ئەوانە، کەواتە جیاوازی و گۆڕانکارییەکانی ژیان و ڕووداوەکانی، کارتێکەرییەک بەسەر مۆسیقا دانانێن. بەتەواوەتی هەر ئەم گشتییەت و گەشەسەندنەیە کە تەنیا بۆ مۆسیقا تەرخان کراوە، لەگەڵ جیاوازییە هەرە ورد و برشتدارەکەیەتی کە بە مۆسیقا ئەو بایەخە بەرزە دەبەخشێت کە دەتوانێت وەک داوەرێک بۆ گشت کلۆڵییەکانی ئێمە بێت. بەهەموو ئەم هۆکارانەیە کە دەتوانین جیهانی دیاردەیی، یان سروشت و مۆسیقا، دوو سیمای جیاوازی شتێک لەقەڵەم بدەین. ناخە دەرنەبڕاوەکەی هەموو مۆسیقایەک کە بە هۆی ئەوە مۆسیقا وەک بەهەشتێکی ئاشنا، بەڵام بۆ هەتا هەتا دوور لەدەست، لێمان تێدەپەڕێت و درککردنی هەرە سانا، بەڵام ڕوونکردنەوەکەی بەڕاستی ئەستەمە، لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە مۆسیقا هەمدیس هەموو سۆزە دەروونییەکانی ئێمە دەخولقێنێت، بەڵام بەتەواوەتی بەدەر لە ڕاستییەکەی و بەدەر لە هەموو دەرد و ڕەنجەکەی.(٥٢)

ئەوەی کە لێرەدا بەیان کراوە، تەنیا هۆکارەکەی دڵخۆشبوونە، بەڵام بە هیچ چەشنێک بیرۆکە سەرەکییەکەی شۆپنهاوەر ڕەش و تەماوی ناکات: مۆسیقا زمانە، بەڵام زمانێکی ڕووت لەچەمکەکان. ڕەنگە لەژێر سیمای بەڵگەکەیدا، هەڵسەنگاندنە هەڵەکەی ژێرەوە وەشێرابێت:

**مۆسیقا زمانە.**

**مۆسیقا نائاوەزمەندانەیە.**

**کەواتە مۆسیقا دەربڕی"خوایشت"ە.**

بەڵام ئەگەر بنەما وەشێراوەکەی بەڵگەکانی شۆپنهاوەر هەر ئەمە بێت، هەمدیس بەچەشنێکی پێویست، هەڵوەستەکەی ناخاتە بەر زەبری نسکۆ و زەرەر؛ چونکە ئەو ڕاستییەکەی جەخت دەکا ڕوونکردنەوەیەک بۆ پوتانسیلە گەورەکەی مۆسیقا بدۆزێتەوە و بەپێی هەڵوەستە گشتییەکەی، ڕوونکردنەوەکەی کارتێکەرانە و ڕازیکەریشە. جوانیناسی مۆسیقا لە بابەتگەلێکە کە بە کەمی ئاوڕیان لێداوەتەوە و هێشتایش بیرۆکەیەکی کۆبەند لەم دەڤەرە ئاراستە نەبووە. تاقمێکی ژمارەدار لە فەیلەسووفان کە بۆ ئەم بابەتە هۆگریان نیشان داوە بۆ دوو ستاف پۆلین دەکرێن: تاقمێک، جوانیناسی بەچەشنێکی ناڕوون و نادیار بە دەربڕی هەستەکان ژماردوویانە، تاقمێکی دی، وەک(فلیکس

مندلسیزۆن)(٥٣)، ئەوەیان زۆر وردتر و پوختەتر شوناس کردووە کە بکرێ بەوشە دەریبڕین. هەروەتر لەم بابەتە ناکۆکی بیروڕا زۆرە کە ئاخۆ دەکرێت لەبنەڕەتەوە مۆسیقا بەمانایەکی ڕێکوڕاست بەناوی زمان لە قەڵەم بدەین یان نا. لەم مەسەلانە کە ناکۆکی لێ کەوتووەتەوە، بیر و بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر یارمەتییەکی ئەوتۆمان پێ نادات و بڕێ لەو مەسەلانە کە ئەو لێیان ورد دەبێتەوە و لەواقیعدا پتر لە تەوەری دەروونناسی ئەزموونییەوە جێدەگرن تا فەلسەفە، بەڵام لانی کەم ئەو، بەناودێرکردنی مۆسیقا وەک وێناکەری شتێک کە وشە لەدەربڕینی دەستەوەستانە، بوێریمان پێ دەبەخشێت هەتا بۆ توێژینەوەیەکی وردتر لەم بابەتە قۆڵ هەڵکەین، ئەوسا کە بەلاسایی کردنی(لایبنیز)(٥٤) دەنووسێت کە "مۆسیقا پرۆڤەیەکی ناخۆئاگا لەمیتافیزیکە کە لەوێدا زەین نازانێت خەریکی فەلسەفە داهێنانە"، دیدگای ئەو زۆر بە ڕوانگەی (ڕۆدۆڵف کارناپ)(٥٥) نزیک بووە کە لە سەرسەختترین پۆزیتیڤیزمە لۆژیکییەکانە. کارناپ دەنووسێت کە مۆسیقا دەربڕی شێوەی ڕوانگەی بنەڕەتی بەجیهانە. (بەباوەڕی کارناپ، مۆسیقای مۆتسارت(٥٦) دەربڕی یەکێتی بوون و مۆسیقای بێتهۆڤن(٥٧) دەربڕی دووانەپەرستییە) و "میتافیزیسیەنەکان، مۆسیقاژەنی بێ بەش لە توانستە مۆسیقاییەکانن". شۆپنهاوەر تەنیا ناکۆکی و بەرهەڵستییەک کە بەم قسەیە دەیتوانی بێت، ئەمەبوو کە ئەرکی ڕێگەپێدراوی میتافیزیک بەدەستەوەدانی ڕاژەیەکی گشتگیر و هەمەکی لەجیهانە، کەچی مۆسیقا خودی ئەوەمان بۆ دەخاتە نێو لەپی دەست. هەروا کە پێشتریش وترا، بەڕای شۆپنهاوەر شوناسی جیهان لەڕێگەی ویستن دێتەوەدی، کەواتە مۆسیقا کە ڕاستەوخۆ جموجووڵەکانی "خوایشت" بۆ ئێمە وێنا دەکات، تەنیا ئەو شتە کە فەلسەفە دەتوانێت وەسفی بکات، بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەیخاتە بەرچاومان.

ئێستا تەنیا ئەم شتە دەمێنێتەوە کە بزانین ئەو وەسفە لە میتافیزیکی مۆسیقا چۆن بەشێکی هەیە لەپیلان داڕشتنی گشتیی ڕزگاری شۆپنهاوەر پەیدادەکات. لێرەدا ئەویش تووشی بارودۆخە نالەبارەکەی کەسانێک دەبێت کە لەسەرسوڕماوی ئەم ڕاستییەدا سەرلێشێواو و دەسەوەستان ماونەتەوە کە مۆسیقا لە لایەکەوە، چەشنی تراجیدی، دەتوانێت زیادە لەڕادەی بەرگەگرتن، ئازاردەر بێت و سەرەڕای ئەمە، لەلایەکی ترەوە شتێکە کە زۆرمان پێ خۆشە هەست و درکی بکەین و بایەخێکی فرەزۆرمان بۆ دابین کردووە. بیرکردنەوە لە ناوتنی، لەگۆڕانی سیمای هونەرمەندانە کارێکی سەرسوڕهێنەرە، کەواتە مۆسیقا، ناسینی و ئیدراکییە و نەک تەنیا شرۆڤەکار: مۆسیقا بەوێناکردنی ڕاستەوخۆی "خوایشت" بەچەشنێکی ڕەمزاوی، ئارامشمان پێ دەبەخشێت. پێویست ناکات بڵێین کە لێرەدا پارادۆکسگەلێک وەشێراوە: ئەمە، جەختە سەرسوڕهێنەرەکەی خوایشتی هونەرمەندانەی مۆسیقاژەنە کە یەکەم خۆی و دواتر بیسەران هەڵدەخرێنێت هەتا لە تێفکرینەکانیان پشت لە"خوایشت"بکەن. ڕەنگە ئەم خاڵە بەر لە مەسەلەیەکی زمانی چ شتێک نەبێت، بەڵام ئەگەر کەسێک بەڕاستی بەئاگاداری و ئەنقەستەوە بیەوێت حاشا لە خوایشت بکات، پێویستە خوایشتی ئەم کارەی هەبێت. ئاخۆ شۆپنهاوەر خۆی خستووەتە داوێک کە خۆی دایناوە؟ بەرسڤ بەم پرسە هەرە دژوارە، بەڵام ئەگەر دەیویست بانگەشە بکات کە نەکەوتووەتە ئەم داوە و بۆ ڕەتکردنەوەی خوایشت تەنیا کەمترین خوایشت پێویستە، ئەوسا بەڵگە سەرەکییەکەی دژی خۆکوژی بە ڕواڵەت زەرەرمەند دەبوو.

کەواتە هەمیسان بەرانبەر بەو کێشە گەورانە دەبینەوە کە وەسف و ڕاژەی شۆپنهاوەر لە"فرەزان" بەوانە گیرۆدەیە. ئێریش هلێر(٥٨)، باشترین ڕاژەکاری بەرهەمەکانی شۆپنهاوەر، بەوردبوونەوە لەمەڕ ماهیەتی پارادۆکسیی ڕاژەی شۆپنهاوەر سەبارەت بەناسینی تێڕامانی و هونەر دەنووسێ:

ئەمە سیحرێکی تەواوە و شۆپنهاوەر هێندە بە توانایییەکی سەرسوڕهێنەر بە ئاکامی گەیاندووە کە لە ڕوانگەی جوانیناسییەوە بەئاکام گەیاندنی ئەوە، میتافیزیکی هەرە هەڵەیی ئەو پاک دەکاتەوە و هەر ئەم سیحرەیە کە زەینی هەموو هونەرمەندەکانی سەدەی نۆزدەمی جادووکردووە. لێ وادێتە بەرچاو کە ئەم هەڵکشاندنە سیحراوییە خودی ڕوحی زەمەن بێت کە لەدیدی میتافیزیکییەوە دیارە مەندۆخترین لایەنەکەی پاکانە دەکات: دڕدۆنگی قووڵ بە بەها و بایەخی ژیان، حەزی بوێرانە بە زانیاری و دووبارە وتنەوەی حەقیقەتە ناخۆشەکەی و ڕاکێشانی جادووی خەیاڵ لەپێگەی بیچمێک لە بووندا. لە مل کردنەوەی هەموو فریوەکان،

له مل کردنەوەی گشت خەیاڵەکان. بێزاربوون له خوایشت و سەرەڕای ئەمەش، بەهەموو هێزەوە داهێنان، " کاری جیهان به یەکجاری تەواوکردن و لەخێر و خۆشییەکەی چاوپۆشی کردن" سەرەڕای ئەمە" گەڕاندنەوەی هەڤیازی بەخۆی"، هەروا کە تۆنیو کرووگەر(٥٩) دەڵێت – ئەمانە گشتیان خەونە دژبەرەکانن کە پارێزەر و کێشکچییە فەلسەفییەکەیان هەر خودی شۆپنهاوەرە، چونکە ناسین، ناسینی ئەو شتەی کە بەڕاستی هەیە، پتر له ئەفسانەیەکی خەمێنەر چ شتێکی دیکە نییە. ئەو ئیماندار و هونەرمەندانەی کە شۆپنهاوەر خۆشی دەویستن ڕەنگە ناتوانێ حەقیقەتی دەروونی جیهان بێت کە بەهەموو پەیجورییەوە، تەنیا دەتوانن له نەگەیشتن بەو شتە داخداربن، بەڵام ئەو شتەی کە ستایشی ئەوانی بەشوێنەوەیە، گۆڕانی هەرەسەیری واقیعە کە بەدەست خەیاڵی ئافرێنەر بەئەنجام دەگات – واتە، لەواقیعدا ستایشی خودی خەیاڵی ئافرێنەرەکە.(٦٠)

## دەسکەوت

به پێی پارچە دەقەکەی سەرەوە و هێما پێشووەکانی من به گۆڕانکاریی دابونەریت لەبەرهەمگەل و بیروڕاکانی شۆپنهاوەر، جێی سەرسوڕماوی نییە کە ئەو و بەرهەمەکانی بوونەتە هۆکاری ئیلهامی هونەرمەندگەلێکی جۆراوجۆر و کارتێکەرییەکی کز و کەمی بەسەر هزرمەندان و فەیلەسووفان نواندووە. سەرەتا ئاوڕ له خاڵی دووەم دەدەینەوە: شۆپنهاوەر لەمەڕ مەسەلە سەرەکییەکانی فەلسەفە کە کەڵکەڵە بنەڕەتییەکانی فەیلەسووفانە چ شتێکی ئەوتۆی بۆ وتن پێ نییە. ئەوەی کە لەم بابەتەوە ئاراستەی دەکات هەمان قسە بێ تام و چێژەکانی(کانت)ـە، ئەم چارەڕەشییەی هەیە کە ئەوەندە بە پێچەوانەی گەلەمپەری زۆربەی فەیلەسووفان قسە له ڕوو و بەئاشکرا قسەکانی دەردەبڕێت کە کێشەگەلی بەڵگەهێنانەکانی بەسانایی وەدەردەکەون، ئەگەرچی لەبارەی بڕێ له باسە گرینگەکان وتەکەی لێڵ و نەریساتە، بەڵام قەت لێڵی قسەکەی هێندە سەرکەوتووانە نییە هەتا گەشکەیەک بەپیشەی شرۆڤە دژبەرە ئاکادیمیکییەکان ببەخشێت. بەهەر ڕووی، له بەرهەمەکانی ئەودا، بێ ئاگاییەکی نامۆ دێتەبەرچاو، دەڵێی هەموو شتێک ڕواڵەتی و سەرسەرییە، ئەو بێوەر لەو توانستە زاتییەی فەیلەسووفە گەورەکانە کە مەسەلە گەورە و سەرەکییە تازەکان ئاراستە دەکەن، یان مەسەلە کۆنەکان بەچەشنێکی نوێ و تازە دەهێننە گۆڕێ.

کاتێ دەست دەدەینە خوێندنەوەی بەرهەمگەلی شۆپنهاوەر، بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە لەمەڕ زۆربەی هزرمەندانەوە دەکەین، یان دەبێ بەتەواوەتی لەگەڵیدا کۆک بین، یان نەرێین و ناکۆک. هەڵبەت ژمارەی ئەو فەیلەسووفانە کە بەتەواوەتی لەگەڵیاندا کۆک بوون هەرەکەمە، هۆکارەکەشی تەنیا ئەمە نییە کە بەڵگەکانی شۆپنهاوەر بەزۆری سست و لاوازن: لێ، زۆر لەفەیلەسووفانی دیکە وەک ئەون، بەڵام دەسکەوتەکانی شۆپنهاوەر ئەوەندە بیرمەندیان بەلای خۆیاندا ڕانەکێشاوە هەتا ڕوویەکی کراوە بەوان نیشان بدەن. سەرەڕای ئەمە، شۆپنهاوەر بەشێوەی زیدەڕۆیانە دژ و ناسازبێژە.بۆ وێنە لەنامیلکەی (سەبارەت به سەربەستیی خوایش) هەشت لاپەڕەی ڕەبەقی لەمەڕ پووچکردنەوەی ئازادیی خوایش و ئیرادە زەوت کردووە و چەمکی خودی (ڕاستەکی)ی کانتی له بەستێنی شوێن و کات و هۆیەتی دەردێنێ، ئینجا له دە لاپەڕەی دواییدا، کە به ناوی (بەلای ڕوانگەیەکی بەرزتر)ـە(٦١)، بیرۆکەیەک دەخاتەڕوو کە جیاوازییەکی ئەوتۆ و بنەڕەتی لەگەڵ بیرۆکەکانی کانت تێدا نابینرێت.

دواین ڕەخنە لەشۆپنهاوەر، دەبێت ئەمە بێت کە ئەو له هەر قۆناغێ له هەڵوێستەکانیدا ئاشتی دەکا: دوا پێداگری لەسەر ڕوانگەیەکی تایبەت، بەبێ چ بەڵگە و شایەتێکەوە، لەشوێنێکی دی قسەکانی دەخواتەوە، یان لانی کەم قسە ڕەق و توندوتیژەکانی دەسڕێتەوە. ئەم خاڵە بەر له هەرشتێکی دی لەبارەی ڕەشبینی ئەوەوە ڕاست دەنوێنێت. زۆربەی مرۆڤەکان لەبارەی ئەوەوە لەم لاولا و له هەموو کەسێ بیستوویانە کە ئەو ڕەشبینترینی فەیلەسووفانە، بەڵام ئەگەر نووسینەکانی به دیقەتەوە لێک بدەینەوە، بەم ئاکام و ئەنجامە ناگەین، ئەمەش بانگەشەیەکی ناباوەڕانە و سەیروسەمەرە نابێ ئەگەر گرینگترین ڕەخنەکەمان بەشۆپنهاوەر ئائەمە بێت کە تا ڕادەیەکی بەسەندە ڕەشبین نییە. ئەو دوای ئەوە کە بەردەوام به درێژکردنەوە و پەرەپێدان لەبارودۆخی نالەبار و داخداری مرۆڤ دەپەیڤێت، چارەسەرێکیشی بۆ پەلکێش دەکات. ژیان لەزۆر لایەنەوە خراپتر لەوەیە کە ئەو وێنای دەکات. ئەگەر ژیان هەندێک لەو بەرژەوەندە

ناحەزانە کە ئەو وێنای دەکات، نیەتی، بەجێگەی ئەوە، دۆزینەوەی ئامانجگەلێک لەژیان بۆ بەردەوامییەکی درێژخایەن، هەرەدژوارتر لەوەیە کە ئەو نیشانی دەدات. کۆمەڵە وشەدانە دڵخوازەکەی ئەو، وەڕزبوون، ئازار، ڕەنجی هەڵنەکردوو، مەیلێکی دانەسکانە، بەڵام حەقیقەتی ژیان، بەپێی درێژی و پەرەسەندە بێ بیچمەکەی ئەو، وا دەنوێنێ کە بێتام و ڕەنگ، ناخۆش و خەفەتبار دێتە بەرچاو. تامەزرۆیی و گەشی و بڕشتی شێوە نووسین و پەخشانەکەی، سەرمەستی دەکات. ڕەنگە پەخشانێک چەشنی پەخشانە بێتامەکانی چیرۆکە ئاساییە هەستیارەکان، زێتر شایستەی وێناکردنی ژیان بێت. ئەو جیلوە و جوانییەکی زۆرتر لەوەی کە هەیە، بەژیان دەبەخشێ، هەرواکە گشت تراجیدییەکان ئاوا دەکەن، بەڵام لەواقیعدا ئەوەی کە ناشیرین و ناحەز و گەندەڵە، ئەوەی کە بەزۆری لە وشەیەکدا بە "سووک و کۆن" ناودێری دەکەن، ڕوحی ژیان لەناو دەبات و نائۆمیدییەکی وێرانکەر دەڕەخسێنێ.

ئەو شتەی کە هونەرمەندان، ڕەنگە بەبێ ئەوەی پێی گەیشتبێتن، لەئەندێشەی شۆپنهاوەر دۆزیویانەتەوە، پاکانەیەکە بۆ چالاکی خۆیان کە لە چەقی زمانێکی بێ هاوتا چێ بووە و گرینگایەتی و شکۆکەی ئەرکی خۆیان بەسەریاندا ئاشکرا دەکات. سەرەڕای ئەمە، لە ڕوانگەی هونەرمەندەوە، بەپێچەوانەی ڕوانگەی فەیلەسووف، لێڵی و نەرێساتەکانی سیستەمە فەلسەفییەکەی شۆپنهاوەر، ژێدەرێکی دەوڵەمەندی ئیلهام بۆ هونەرمەندان بووە. ئەمە خاڵێکی گرینگ و پڕ مانایە کە بەرهەمە گەورەکان ئیلهامیان لە بەرهەمەکانی ئەو وەرگرتووە، بەتایبەت بەچەشنێکی ڕاستەوخۆ، (تریستان و ئیزۆلدە)(٦٢)ی ڕیچارد ڤاگنەر، لێوانلێو لە بگرەوبەردەکانێکە کە زێترین باری لواو دەخولقێنن. ئەو بەرهەمە سەرسوڕهێنەرە «تریستان و ئیزۆلدە»، کە بە تەواوەتی گوزارشت لە ئەڤین و مەرگ دەکات و لێی دەدوێ، وتەیەکە لەخەونی گەیشتن بە هیچ و ڕزگاری لە ئازاری ژیان کە بەتوندوتیژییەکی بێ هەوسار ئاراستەبووە. ئەگەر قبووڵی بکەین کە تریستان و ئیزۆلدە پڕ ماناترین و کارکۆترین بەرهەمی سەردەمی نوێ بووە، خودی ئەم بەرهەمە بەتاکی تەنیا دەتوانێ پاکانەیەکی بەسەندە بۆ بەرهەمەکانی شۆپنهاوەر بێت، بەڵام ئەمەیش لەجێگەی خۆی دەمێنێتەوە کە گومان لەبایەخە بێ سێ و دووەکەی ئەم بەرهەمە، «واتە تریستان و ئیزۆلدە» خۆی دەتوانێ شایەتێکی تر و ڕێکوڕاست بە ماهیەت و چەشنە ئیلهام بەخشییەکەی شۆپنهاوەر بێت.

**پەراوێزەکان:**

**٣٧- Sophocles (٤٠٦- ٤٩٦پ. ز)، تراجیدی نووسی یۆنانی.**

**٣٨- William Shakespeare (1564-1616)، شاعیر و شانۆنووسی ئینگلیزی.**

**39- On the Basis of Morality , pp . 138-139.**

**٤٠- Ludwig Wittgenstein (1889-1951)، فەیلەسووفی ئۆتریشی- ئینگلیزی.**

**٤١- Woody Allen ( -1935)، سینەماکاری ئەمەریکی.**

**42- Manhattan**

**43- "On Death and Its Relation to the Indestructibility of Our Inner Nature''**

**44- The World as will and Representation 2. 507.**

**45- '' The Metaphysics of Sexual Love''**

**46- Essays and Aphorisms, p. 77.**

**47- op. cit, p. 78**

**48- Critique of Aesthetic Judgment**

**49- The Birth of Tragedy.**

**٥٠- Horace Walpole (1717-1797)، وێژەناسی ئینگلیزی.**

**51- The World as Will and Representation 1. 257.**

**52- Ibid , 1. 261-264.**

**٥٢- Felix Mendelssohn (1809-1847)، مۆسیقاژەنی ئەڵمانی.**

**٥٤- Gottfrid Wilhelm von Leibniz (1646-1716)، فەیلەسووف و بیریاری ئەڵمانی.**

**٥٥- Rudolf Carnap (1891-1970)، فەیلەسووفی ئەڵمانی- ئەمەریکی.**

**٥٦- Wolfgang Amadeus Mozart (1756-1791)، مۆسیقاژەنی ئۆتریشی بەڕەچەڵەک ئەڵمانی.**

**٥٧- Ludwig van Beethoven (1770-1827)، مۆسیقاژەنی ئەڵمانی.**

**٥٨ و ٥٩- Tonio Kroger Erich Heller، پاڵەوانی نۆڤلێتێ هەربەم ناوە لەتۆماس مان.**

**60- Thomas Mann: The Ironic German,pp .51-52**

**61-''Toward a Higher View''**

**62- Tristan and Isolde**

**سەرچاوە:**

**ئارتوور شۆپنهاوەر، نووسینی: مایکل تنێر، وەرگێڕی بۆ فارسی: خەشایار دیهیمی، دەزگای ماهی - ١٣٨٩، تاران، چاپی یەکەم، ١٣٨٩، لاپەڕەی (١ - ٧٥).**